بەناوی خوای گەورەی میهرەبان
ئیسلام پەیک
پێگەیەکی ڕۆژانەی سیاسی سەربەخۆیە
Islampalk.org

سەلام عەبدولکەریم

# مێــژووی

# پێکهاتن و پەرەسەندنی بیری تۆرانیزم

د. دلێر ئەحمەد

پێشەکی بۆ نووسیوە

ناوی کتێب: مێژووی پەرەسەندنو پێکهاتنی تۆرانیزم

نوسینی: سەلام عەبدولکەریم

بابەت: لێکۆڵینەوەی مێژوویی

چاپی یەکەم: سلێمانی 2007

چاپخانە:

هەڵەچن: م. عەلی عەبدوڵڵا

تیراژ:500 دانە

نەخشەساز: جەلیل حسێن

لەبڵاوکراوەکانی پرۆژەی کتێبی (کۆچ)

ژمارەی سپاردن:

**بە هاوســـــەرەکەم پێشکـــــــــــەشـــە**

# ناوەڕۆك


پێشەکی (د. دلێر ئەحمەد)..........................................................لا6
دەروازە................................................................................لا9

**بەشی یەکەم**

(شوناس و ئایدۆلۆژیاو پاڵنەرەکانی سەرهەڵدانو گەشەکردنی بیری تۆرانیزم) ...لا 13
باسی یەکەم : ( زاراوەی تۆران و تۆرانی )..............................................لا14
باسی دووەم: (پێناسەی تۆرانیزم)............................................**لا18**
باسی سێیەم :(مێژووی سەرهەڵدانی بیری تۆرانیزم)................................لا21
باسی چوارەم: (هۆکارو پاڵنەرەکانی سەرهەڵدان و گەشەسەندنی بیری تۆرانیزم)..لا29

**بەشی دووەم**

(ڕۆڵی کەسایەتیو کۆمەڵەو ڕێکخراوەکان لەپێکهاتنو پەرەسەندنی بیری تۆرانیزمدا)
باسی یەکەم: ڕۆڵی کەسایەتیەکان لەبونیاد نان و پەرەسەندنی بیری تۆرانیزمدا
(تیۆریسینەکانی بیری تۆرانیزم).......................................................لا45
- عەلی بەگ حسێن زادە..............................................................لا46
- زیا کوك ئالب (موحەمەد ئەمین بەگ)................................................لا48
- یوسف ئاقچۆرا.......................................................................لا55
- موئیز کۆهین (تەکین ئالب ، موئەنیس ئالب)........................................لا58
باسی دووەم: (ڕۆڵی کۆمەڵەو ڕێکخراوەکان لەپەرەسەندنی بیری تۆرانیزمدا کۆمەڵەی تورکە لاوەکان (ترکیا الفتاة)......................................................لا64

- کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی............................................................لا70
ئەنجام..........................................................................................لا87
سەرچاوەکان...................................................................................لا94
وێنەکان.........................................................................................لا97

# پێشەکی

روداوەکانی ئەوروپای سەدەی نۆزدەیەم کاریگەری راستەوخۆی بەسەر میللەتانی رۆژهەلاتدا هەبوو. دەولەتی عوسمانی بە بەراورد لەگەل ولاتانی پێشکەوتووی ئەوروپای رۆژئاوا زۆر بە دواکەوتوویی مابۆوە، بەتایبەت لەبوارەکانی ئابوری و پیشەسازی و کولتوری. هەربۆیە سستێمە سیاسیەکەشی لەنۆرمی دەرەبەگی و سونەتی تێپەری نەکردبوو.

زنجیرەیەك جەنگ و شەری نێوان ولاتانی ئەوروپای سەدەی نۆزدەیەم، لەسەردەمی جەنگەکانی ناپلیۆنەوە تادەگاتە جەنگی قرم و جەنگی نێوان پروسیا و نەمسا، جەنگی نێوان روسیا و دەولەتی عوسمانی، شان بەشانی گۆڕانکاریە ئابوریەکان بەتایبەت گۆران لەژێرخانی ولاتانی ئەوروپای رۆژئاوا و سەرهەلدانی بیری سیاسی نوێ و بەهێزبوونی هەستی ناسیۆنالیستی لای تەواوی میللەتانی ئەوروپا بوونە هۆی ئەوەی کەسەدەی نۆزدەیەم بە سەدەی ناسیۆنالیزم ناوببرێت.

جولانەوەی نەتەوەیی رزگاریخوازی میللەتانی ئەوروپای رۆژهەلات و میللەتانی رۆژهەلاتی ناوەراست، نەدەکرا کاریگەری بەهێزی بەسەر هەندێ لەرۆشنبیران و نەتەوە پەرستەکانی تورك نەبێ بۆ بناغە دانانی بیری تۆرانیزم.

لەلایەکی تر شکستەکانی دەولەتی عوسمانی لە جەنگەکانی لەگەل روسیا و میللەتانی ئەوروپای رۆژهەلات هۆکارێکی تر بوون کە بیری ناسیۆنالیستی و دەمارگیری نەتەوایەتی لای تورکەکان پەرەبسێنێ و گەرا دابنێ.

ناکرێ باس لە کاریگەری دروستبوونی دەوڵەتی یەکگرتووی ئەڵمان و ئیتالیا نەکەین کە تا چ رادەیەك بیری تۆرانیزمی لای تورکەکان وروژاندبوو.

هەوڵدانی روسەکان بۆ دروستکردنی ئیمپراتۆریەتێکی فراوان بەناوی پان سلاڤیزم کە ئەگەر بۆیان دروستبکرابا سنورەکانی لە دەریای سپی ناوەراستەوە دەگەیشتە رۆژهەلاتی دوور و باکوری ئەوروپا راستەوخۆ مەترسی لەسەر چارەنوسی دەوڵەتی عوسمانی دروست دەکرد، هەموو ئەوانە وای لە نوخبەی تورکچیەکان کرد بیر لە پێکهێنانی ئیمپراتۆریەتێکی لەوبابەتە بکەنەوە بەناوی تۆرانیزم کە پێکهاتەیەك بێت لە هەموو میللەتانی تورك زمان. شکستی دەوڵەتی عوسمانی لە جەنگەکانی لەگەڵ روسیا و لەدەستدانی نیمچە دوورگەی قرم و قەفقاس و بەشێکی زۆری ئەوروپای رۆژهەلات، کاردانەوەی سەرهەڵدانی بیری تۆرانیزمی لێکەوتەوە، چونکە تورکەکان هەستیان کردبوو کەرامەتی نەتەوەییان شکاوە.هەربۆیە ئەم بیری تۆرانیزمە کە دواتر لەسەردەستی ئەتاتورك لە دەوڵەتی نوێی تورکیا پەیرەوکرا، خەسڵەتێکی رق و قین و شوڤێنی و دوژمنکارانەی دژ بە میللەتانی تر گرتەبەر، کە لەهەست و بیری مرۆڤانە بە دوورە.

قەتڵ و عام کردنی ئەرمەن و کورد و میللەتانی تر رەنگدانەوەی بیری تۆرانیزمی بەسەرەوەیە و وەك لاپەرەیەکی رەش لە مێژووی تورکدا تۆمارکراوە.

مێژووی پێکهاتن و پەرەسەندنی بیری تۆرانیزم، کە لەنوسینی کاك (سەلام عەبدولکەریم)ە،رووی راستەقینەی ئەم بیروباوەڕە ئاشکرا دەکات. هەوڵدانێکە لەلایەن نوسەر بۆ دەست نیشانکردنی سەرەتاکان و قۆناغەکانی گەشەکردنی ئەم بیرە سیاسیە. نوسەر لەنوسینی ئەم بابەتە پشتی بە کۆمەڵێك سەرچاوەی سیاسی و مێژووی بەستووە تاڕادەیەکی زۆر بەسەرکەوتووی کارەکەی ئەنجام داوە.دەست

خۆشی لەكاك سەلام دەكەم هیـوادارم هـەر بەوەنـدە نەوەسـتێ و بـەردەوام بێـت لـە چالاكی زانستی بۆ دەوڵەمەند كردنی كتێبخانەی كوردی.

**د. دلێر ئەحمەد**

# دەروازە

خوێندنی زانکۆ لە ژیانی مندا قۆناغێکی گرنگ و نوێ بوو، بەجۆرێك زۆر سودی زانستی و روناکبیریم لێبینی، بەپێچەوانەی هەندێ بۆچوونی دیکەوە کە پێی وایە زانکۆ کەلاوەی مەعریفەیە و دەبێ زانکۆ هەموو شتێك فێری خوێندکارەکانی بکات. راستە کەمو کورتی گەورە لەزانکۆکانی ئێمەدا بوونیان هەیە، بەلاّم مرۆڤ خۆی دەتوانێ گۆڕانکاری بەسەر خۆیدا بهێنێ لەبوارەکەی خۆیدا و لەبواری تریشدا جێگەدەستی دیاربێت و بایەخ بەخۆی بدات، ئەوە تاوانی زانکۆ نیە کە ئێمە زانکۆ تەواو دەکەین و هیچ نازانین، بەڵکو تاوانی خۆمانە کە هۆشمەندانە کەڵك لەکات و دەرفەتە بەنرخەکانی نێو ژیانی خوێندنی زانکۆ وەرناگرین.

بەهەرحاڵ ئەو کاتەی کە لە قۆناغی سێیەمی بەشی مێژوو بووم لە زانکۆی سلێمانی، بەحوکمی زیندوێتی بەشەکەمان و بزێوی خۆشمان، خولیای زانینی زانیاریم لەسەر زۆر شت لادروست دەبوو، یەکێك لەوانە گەڕانبوو بەدوای شارەزابوون و ئاشنابوون بەدوای بیری تۆرانیزمدا، بەتایبەت دوای ئەوەی لەلایەن مامۆستای بەڕێز(سەروەر عەبدورەحمان)ەوە کەلەقۆناغی سێیەمی بەشی مێژووی زانکۆی سلێمانی وانەی (عوسمانیو سەفەوی )پێدەوتین راسپێردراین کەهەر خوێندکارێك راپۆرتێك بۆ وانەکە ئامادە بکات، بۆیە منیش خولیای نوسینی راپۆرتێکی زانستیم لەسەر بیری تۆرانیزم لادروست بوو کەتا ئەوکات شارەزاییەکی ئەوتۆم دەربارەی نەبوو، هەروەها هەستیشم دەکرد کەکتێبخانەی کوردی لەوبارەوە کەلێنی زۆر تێدایەو شتێکی ئەوتۆ بەدی ناکرێ بەتایبەت دەربارەی بیری تۆرانیزم ، بۆیە وردە وردە گەڕام بەدوای سەرچاوەدا تاوەکو دواتر توانیم ئەم لێکۆڵینەوەیەی ئێستا لە

چوارچـێوەی راپـۆرتێکی ئەکادیمیـدا ئامـادە بکـەم.. بۆیـە پـێم خۆشـبوو ئەگـەر سەرکەوتوو بم ئەم بەرهەمە بکەمە کتێبێکی خنجیلانە و پێشکەشی خوێنەری کوردی بکەم بۆئەوەی لانیکەم ئەلف و بێیەك شارەزایی لەسەر مێـژووی پێکهـاتن و چـۆنێتی پەرەسـەندنی ئـەم بـیرە هـەبێت.هاوکـات سـەردەمانێکی زۆر مرۆڤـی بێتـاوانی ئێمـە تەنانەت بەئێستاشەوە قوربانی دەستی پەیڕەو کردنی ئەم بیرە بووە و هەیە لەلایەن تورکەوە و بەهەزاران کەسی شەهید و ئاوارەو زیندانی و دەربەدەر کراوە.

تۆرانیزم لەسـەرەتادا ئـەو هەسـتە نەژادییـە بـوو , کەلـەنێو بەشـێکی هـەرە زۆری گەلانی تۆرانیدا سەری هەڵدا , وەکو کاردانەوەیـەك لەبەرامبـەر ئـەو شـاڵاوانەی دەسەڵاتی ڕوسیای قەیسەری دا کەدەیویست گۆڕانکارییان بەسەردا بهێنێـت لـەڕووی ئاین و ئەتنیك و ڕۆشنبیری‌و زۆرشتی تریشەوە.گەشەکردنی ئەم هەستەو گـۆڕانی بـۆ بیری تـۆرانیزم , بەدرێـژایی قۆناغـە مێژووییـەکان , بـەهۆی خـراپ بـوونی کاروبـاری کارگێڕی دەسەڵاتی سوڵتانەکانی عوسمانیەوە , سەری کێشا بۆ بیرکردنـەوە لـەزیاتر کارکردن لەسەری تاگەیشتە ئـەو ڕادەیـەی وەکـو جموجـوڵ و بزوتنەوەیـەك پـەرەی پێبدەن , بۆ زیاتر بەرز ڕاگرتنـی سـەروەری نەتـەوەی تـورك و دواجـار هەوڵـدان بـۆ پـەیڕەوکردنی عەقڵیـەتی پـانتۆرانیزم و سـڕینەوەی ناسـنامەو زمـان و شوناسـی نەتـەوەکانی تـر , بـەڵام جـەنگی یەکـەمی جیهـانی لێـدانێکی کوشـندەی لەدەوڵـەتی عوسمانی وەشاندو خەونی تۆرانیزمەکانی لەپێکهێنانی وڵاتی فراوانی تۆران لەگۆڕنا و تورکیایەك لەسەر ئاڕاستەکانی کـەمالیزم دامـەزرا.بێگومـان کـەمی سەرچـاوە لەسـەر تـۆرانیزم , یـەکێك بـوو لەگرفتـەکانی ئـەم توێژینەوەیـەو هەوڵیـشدراوە تارادەیـەك سەرچـاوەی بـەهێزو متمانـەدار بـەکاربهێنرێت هـەروەك ئـەم توێژینەوەیـە بەرهـەمی قۆناغی سێیەمی خوێندنی زانکۆیە ئومێدەوارین بەو چاوەوە سەیری بکرێت هـەوڵیش

دەدەین لە چاپەکانی تریدا توێژینەوەکە فراوانتر و بابەتیتر بکەین.لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە تارادەیەکی زۆر میتۆدێکی ئـەکادیمی و بێلایـەن بگیرێتەبـەر، زانیاریـەکان لەشوێنی خۆیانـدا خراونەتـەوە روو، لەهـەر جێگەیەکیـشدا پێویـستبووبێت، بـیروڕای خۆمان دەربڕیوە و قسەمان لەسەر بابەتەکان کردووە.

توێژینەوەکە لەدوو بەشی سـەرەکی پێکهـاتووە، بەشـی یەکـەم تـەرخانکراوە بـۆ قسەکردن لەسەر ( شوناس و ئایـدۆلۆژیای و پاڵنـەرەکانی بـیری تـۆرانیزم ) و تیایـدا دابەشکراوەتە سەر چوار باس. باسی یەکەم تایبەتە بە ( زاراوەی تۆران و تۆرانیزم ) و باسی دووەم زانیارییە دەربارەی ( پێناسەکانی تۆرانیزم )، باسی سـێیەم لەمـەر ( مێژووی سەرهەڵدانی تۆرانیزم ) ە، هەرچی باسی چوارەمە پەیوەستە بەباسکردنی ( هۆکار و پاڵنەرەکانی سەرهەڵدان و پەرەسەندنی بیری تۆرانیزم ) ەوە.

بەشـی دووەمـی توێژینەوەکـە تـەرخانکراوە بـۆ ( ڕۆڵـی کەسـایەتی و کۆمەڵـە و ڕێکخراوەکان لە پێکهاتن و پەرەسەندنی بیری تۆرانیزمدا ) و دابەشکراوەتە سەر دوو باسی سـەرەکی و فـراوان. باسـی یەکـەم قـسەکردنە لەسـەر ( تیۆرسـینەکانی بـیری تۆرانیزم )، واتە ڕۆڵی کەسایەتییەکان لە بونیادنان و پەرەسەندنی بیری تۆرانیزمدا ) کەباس لە ڕۆڵی هەریەکە لە(عەلی بەگ حوسێن زادە، زیا کوك ئالب، یوسف ئاقـچۆرا، موئیز کۆهینی بەرەچەڵەك جولەکە ) کراوە. هەرچی باسی دووەمە تایبەتە بە( ڕۆڵی کۆمەڵە و ڕێکخراوەکان لە پەرەگرتنی بیری تۆرانیزمدا )، کە بـاس لـە ڕۆڵـی هـەردوو کۆمەڵەی ( تورکە لاوەکان ) کە پێشیان دەوترێ (ژون تورکەکان ) لەگەڵ باسـکردنی ڕۆڵـی ( کۆمەڵـەی ئیتیحـاد و تـەرەقی ) کـراوە و کاریگـەری گـەورەیان لەسـەر گەشەسەندن و تەنانەت پیادەکردنی ئەم بیرە هەبووە.

دواجار پوختەی توێژینەوەکە بەئەنجام دیاریکراوە و لیستی سەرچاوەکان دەست نیشانکراوە، بۆ ئەوەی خوێنەر لەکاتی پێویستدا بگەڕێتەوە سەریان و زانیاری زیاتر وەربگرێت لەسەر ئەم بابەتە. لەکۆتاییدا بیروراو زانیارییەکانی ئێمە بیرورای ڕێژەیین و رەهانین و پێدەچێت ئێمە نەشمان پێکابێت و دەشێ بیرورای جوانتر و توێژینەوەی باشتر لەسەر تۆرانیزم بوونی هەبێت چ لەئێستا یاخود لەداهاتووشدان بەئومێدی سودو کەڵك بۆهەموو لایەك.

**نوسەر**

**Salam_80jornalist@yahoo.com**

# بەشی یەکەم

## شوناس و ئایدۆلۆژیاو پاڵنەرەکانی سەرهەڵدان و گەشەکردنی بیری تۆرانیزم

**باسی یەکەم /**

**زاراوەی تۆران و تۆرانی**

**باسی دووەم /**

**پێناسەی تۆرانیزم**

**باسی سێیەم /**

**مێژووی سەرهەڵدانی بیری تۆرانیزم**

**باسی چوارەم /**

**هۆکارو پاڵنەرەکانی سەرهەڵدان و گەشەسەندنی بیری تۆرانیزم**

# باسی یەکەم: زاراوەی تۆران و تۆرانی

دەربارەی زارەوەی ( تۆران ) چەند بیروڕایەکی جیاواز هاتووەو ئێمە لێرەدا هەندێ لەو بیروڕایانە دەخەینە ڕوو:

♦ " زاراوەی تۆران بۆ یەکەمین جار بەشێوەی (توره) و (توريا) لەبەرامبەر ئێران و ئاریا لەئاوێستای زەردەشت دا ناوی هاتووە، (تور) یەکێك لەو سێ برایانە بوو کەمرۆڤ لەوانەوە زیادیان کردووە، دوو براکەی دیکە، (ئاریا) و (سئێریم) بوون و (ئاریا) باپیرە گەورەی ئێرانیەکان و (سئێریم) باپیرە گەورەی نەتەوەکانی ڕۆژئاوا بوون. گەلانی (توريا) هەمیشە دوژمنی گەلانی ئاریایی بوون. شەڕی خوێناوی نێوان ئێران و توران، بەدوورو درێژی لە شانامەی فیردەوسی دا باسکراوە"[1].

♦ " تۆران بەمانا جوگرافیەکەی، وەختێ ناوی دەشتێك بووە لەباکووری خۆرهەڵاتی ئێران کە کاریگەرییەکی گرنگی لەسەر ئەفسانەو کارە ئەدەبیەکان جێ هێشتووە. داستانی (شانامەی فیردەوسی) یش نموونەیەکی ئەو کارانەیە"[2] .

* " هەندێکی تر بیروڕایان وایە کە (تۆران وەك جوگرافیا)، ناوچەیەکە گەلانی ڕەسەنی تۆرانی تێدا نیشتەجێن، واتە ناوچەی کوێستانی ئۆراڵ–ئاڵتایی لەناوەڕاستی ئاسیا، بەڵام ڕەنگە ئەمە تاڕادەیەك وانەبێت بەوەی کە (تۆران) کۆی ئەو وڵاتانەی تۆرانیەکانی لێدەژین دیاری ناکا، هەروەك ناوچەیەکی ئەرمەننشین بەئەرمەنستان ناژمێردرێ"[3] .

هەروەها گۆڤاری (تۆران) کەلەهەنگاریا بەزمانی هەنگاری دەردەچوو، ژمارەی دووەم–شوباتی 1918 ی تایبەت بوو بە وڵاتی (تۆران) و لەلاپەڕە (84) دا، سنوری (تۆران) بەم شێوەیە دیاری دەکات:

" دەریـــای خـــەزەر، بەرزاییـــەکانی ئێـــران، سەرچـــاوەکانی ســـیردەریاو ئیرتـــیش، بەرزاییـــەکانی ئاخمولینـــسك کەناوچـــەیەکی کوێـــستانی وچـــۆڵە و ڕوبـــاری گـــەورەو دەریاچەی جۆراو جۆرو دەشتی بەپیتی تێدایە"[4] .

هەر دەربارەی وشەی (تۆران) ئەوەی کەپەیوەندی بەمانا سیاسیەکەیەوە هـەبێت، ئەوا شاعیرو بیرمەندی ناسیۆنالیزمی دیاری تورك (زیاء كوك ئالب) دەبێژێ:

"تـــۆران نیـــشتمانی ڕاســـتەقینەی هـــەموو تورکـــە، لـــەڕابردووداو لەوانەیـــە لەئایندەشدا"[5] .

لەلایەکی ترەوە تێبینی و بۆچوونێکی جیاوازتر هەیە دەربارەی وشـەی (تـۆران)و لەچوارچـێوە سیاسـی و جوگرافیەکـە دەچـێتە دەرەوەو بـەم جـۆرە گوزارشـتی لێ دەکات کە:

" لەواقیعدا (تۆران) هۆزێکی گچکە بوو، لەشکرێك لـەناو لەشـکران" [6]. لەهـەمان کاتدا ئەمڕۆ ناوی (تۆران) لەڕوانگەی گەلێ لە دەسەلاتدارانی ئەو گەلانە بۆتە نیشانەو دروشمی کۆمەلانی هـاوخوێن کەلەئۆقیانوسـی ئارامـەوە تـا دەریـای ناوەڕاسـت و لـە ولاتــی چـینەوە تادەگاتـە ئۆقیانوسـی بەسـتەڵەکی بـاکور، واتـە ڕوبـەرێکی فـراوان دەگرێتەوە، ئەم ناوە بـۆ شـەڕێکی گـەورە لـەپێناوی پێکهێنـانی (تـۆرانی یـەکگرتوو وسەربەخۆ) لەئایندەدا بانگ دەکات" [7] .

هەرچی پەیوەنـدی بـەزاراوەو وشـەی (تـۆرانی) یـەوە هەیـە، ئـەوا چـەند بـیروڕاو تێڕوانینێکی جیاوازو ڕاڤە لەخۆ دەگرێت، ڕەنگە دیارترینیان ئەوەبێت کە:

" تۆرانی وەك زاراوەیەکی سیاسـی بـەو کەسـە دەگـوترێ کەهەسـتی تورکایـەتی بەهێزی هەبێ و بـەگوڕ بـۆ بلاوکردنـەوەی و چەسـپاندنی ئـەو هەسـتە تێدەکوشـێ و

---

زۆرتر بەوانە دەوترێ کە ڕووەو تورکیا ڕادەوەستن وتورکیا وەك ڕێنـوێن و بـرا گـەورە تەماشا دەکەن و بـۆ وەدی هـاتنی ئـەم مەبەسـتە پێیـان وایـە تورکیـا جێبەجێکـەرو وەدی هێنەری ئەو ئامانجەیە.

هەروەها زاراوەی (تۆرانی) کەپاشان بەنەژادی (ئۆراڵ–ئاڵتایی) وترا، زاراوەیـەکی زمانەوانییە نەك جوگرافی و نـەژادی، بـەڵام هێـواش هێـواش واتایـەکی وای بـەخۆوە گرت" [8].

پێدەچێت هەڵە نەبین گەر بەمانایەکی تر بڵێین:

" زاراوەی تـۆرانی هـەموو ئـەو کەسـانەی دەگرتـەوە کەلـەژێر کاریگـەری بـیری نەتەوەیی ئەوروپادا بوون و هەوڵیان دەدا بزوتنەوەیەکی نەتەوەیی لەتورکیاشدا بێتە ئاراوە، هاوکات زیاتر ئەمجۆرە تەوژمە نوێیەش لەشاری (سالونيك–الدونمة) گەشـەی کرد وەکـو بـاڵێکی حـەرەکی وڕەنگـە زۆر جـاریش بـە (ڕۆژئـاوایی بووەکـان) ناویـان هاتبێ، ئەمەش وەکو ئەوەی کەزۆر پەیوەست بـوون بـەفیکرو فەلـسەفەی ئـەوروپاو ڕۆژئاواوە" [9]. بەڵام لێرەدا هێندە هەیە کەبەشـێکی زۆری سەرچـاوە مێژووییـەکان بیرۆکەی تۆرانیزم و زەمینەی سەرهەڵدانی دەگێڕنەوە بۆ ماوەیـەکی مێـژووی پێـشتر لـەو کاتـەی کەلـە نێـو دەوڵـەتی عوسمانیـدا ئاڕاسـتەیەکی نـوێ دەرکـەوت کەلـەژێر کاریگــەریی خۆرئــاواو تێــژە فیکــری و سیاســیەکانیاندا بــوون وداوای ڕیفــۆرم و چاکسازیيان لەکایە جۆراوجۆرەکانی دەوڵەتی عوسمانی و دەسـەڵاتی سـوڵتانەکاندا دەکرد، هـەروەك ئـەم ئاڕاسـتەیە ڕۆڵـی گـەورەیان هـەبوو لـەپێکهێنانی ئایـدۆلۆژیای تۆرانیزم و تیۆریزەکردنیدا.

## باسی دووەم: پێناسەی تۆرانیزم

بێگومـان لێدوان لەمـەڕ شـوناس و ئایـدۆلۆژیای تـۆرانیزم و دەسـت نیـشانکردنی تەنها پێناسەیەك بۆ تۆرانیزم كارێكی سانا نیە، چـونكە دەربـارەی چـەمك وپێناسـی تۆرانیزم كۆمەڵێك لێكدانەوەی جیاوازو ئاڕاستە هەیە بـۆ قـسەكردن لەسـەر ڕەهەنـدو مەوداكانی، هەروەك هەموو پێناسەكردنێكی ئەكادیمیانەی تۆرانیزم ناچارمان دەكات بۆ گەڕانەوەو وردبوونەوە لەمەڕ مێژوو و قۆناغـەكانی گەشـەكردن وگۆڕانكارییـەكانی نێو چەمكی تـۆرانیزم، بەهـەر حـاڵ لێـرەوە ئامـاژە بەهەنـدێ لـەو ڕوانگـە جیاوازانـە دەكەین كەدەربارەی تۆرانیزم وپێناسەكردنی تەوزیف كـراون، یـەكێك لـەو پێناسـانە پێی وایە كە:

*" بزوتنەوەیەكی نەتـەوەیی تـوركی بـوو كـە ناودێركردنەكـەی دەگەڕێتـەوە بـۆ تــۆران یــاخود ئــەو نیــشتمانەی كــە بانگەشــەكەرانی داوای یەكخــستنی توركــە عوسمانیەكان وهـەموو گـەلانی ژێـر دەسـتیان دەكـرد لەسـەر پارچـە جوگرافیایـەكی دیاریكراو.

دروشمی ئەم بزوتنەوەیە لەو دێڕە شیعرەوە سەرچاوەی گرتبوو كەدەڵێ:

(وڵاتی توركان، توركیا نیە، هەروەها توركمانـستانیش نیـە، زەوی فـراوان ونـەمر تۆرانە"[10].

" براقی تۆرانیزم ڕێبازێك بـوو هـەوڵی دەدا سـەروەریەكانی توركـە بەراییەكان زیندوو بكاتەوە، هەروەها دەیویست توركە نوێیـەكان بـەكلتوری شارسـتانی خۆیـان گـرێ بداتــەوە، هاوكـات هـزرو وێـژەی تـوركی لەكاریگـەری فارسـی وعـەرەبی پـاك بكاتەوە" [11].

" تۆرانیزم جیهانبینی و ڕوانینە بەرەو ئاسیا کەلانکەو وڵاتی ملیۆنان تۆرانیەو ئەم هەستە لەبەرچاو بگیرێ و ئەوان لەکۆمەڵەیەکی بەرفرەدا یەکبخەن[12] .

ئەو پێناسەیەی پێشوو زیاتر دەتوانین بڵێین لەو حاڵەتەوە سەرچاوەی گرتبوو کاتێك کەوا لەساڵی 1842ز، (ڤون مولتکە–Von Moltke) ی فەرماندەی ئەڵمانی (کەپاشان بووە سەردارێکی بەناوبانگ) و ئەودەم سەرهەنگ ومەشق دەری لەشکری عوسمانی بوو، بەدەسەڵاتدارانی ئەستانەی (ئەستەمبوڵ–نوسەر– پێشنیاز کردبوو کە پان تۆرانیزم[*] قبوڵ بکەن واتە لەبری ڕوانین بەرەو ئەوروپا، ڕوو لەئاسیا بکەن کەشوێنی ئەسڵی تورکەکانە و ئەوەشی پێ وتبون کە پایتەختەکەیان لەئەستانەوە بگوازنەوە بۆ شاری (قۆنیە) و تا ئەوپەڕی ڕۆژهەڵاتیش[13] .

هەندێکی تر دەربارەی پێناسەی تۆرانیزم بڕوایان وایە کە:

" تۆرانیزم ئەو بیرۆکەیە بوو کەلەئەنجامی کاردانەوەی خراپی سیاسەتی ڕوسیای تزاری (قەیسەریی) لەنێو گەلانی تەتەرو نێوچەکانی قەفقاس و باڵکاندا تەشەنەی کرد، کەداوای سەربەخۆیی وجیابوونەوەیان دەکرد لەچوارچێوەی سنورێکی دیاریکراودا" [14] .

دەکرێ بوترێ تۆرانیزم بزوتنەوەیەکی ناسیۆنالیزمی تورکی فراوانبوو کەپرەنسیپی ئەتنی کردبووە بنەمای کارکردنی کەمەبەستیان بووبێ تەنها وڵاتی

---

(*) پان تۆرانیزم: (داواکردن و بەرەو یەکێتی چوونی سەرجەم نەتەوە تورك زمانەکانی نێوچەکانی قەفقاس و مەنگۆلستان و ئازەربایجان و ...... تاد، لەپێناوی پاراستنی نەژادەکانیان، ئایدۆلۆجیای پان تۆرانیزم بریتیە لە: أ– خستنە لاوەی عوسمانچێتی ب– دیانەت وئیسلام لەگەڵ یەکدا ناگونجێ ج– تەنها متمانە بەتورك بکرێ د– نابێ نەتەوەکانی تر سەربەخۆییو ئۆتۆنۆمییان هەبێت ه– ناتورکەکان دەبێت ببنە تورك و– عوسمانی وەکو میللەت وجودی نیە ز– لەتورکیادا تەنها یەك میللەت ئەبێ هەبێت کەئەویش میللەتی تورکە......).

تورکان یان دەوڵەتی عوسمانی بکەن بەدەوڵەتێکی تورکی، بەڵکو دەیانویست هەموو ئەو گەلانەی کە بەڕەگەز تۆرانین لەدەوڵەتێکی ڕەگەزیدا کۆبکەنەوە"[15].

دواجار ئەو پێناسە گشتگیرەی لەدەرەنجامی ڕوانین بۆ بیرو بۆچوونە جیاوازەکان دەربارەی تۆرانیزم چنگمان دەکەوێت، دەکرێ پوختی بکەینەوە بۆ ئەوەی کە:

" تـۆرانیزم بزوتنەوەیـەکی نەتـەوەیی و هەسـتێکی ناوچـەیی بـوو، کەپـشتی بەپرەنسیپی ڕەگەزی (ئیتنیکی) دەبەست بـۆ کۆکردنـەوەی سـەرجەم ئـەو گەلانـەی کەبـەزمانی تـورکی دەدوان، بەتاییـەت ئـەو نەتـەوەو گەلانـەی کەلـەژێر دەسـەڵاتی ڕوسـیای تـزاری دا بـوون ومەترسـی توانـەوەو لـەنێوبردنیان دەکـرا، بـەهۆی سیاسەتەکانی ڕوسیاوە" – نوسەر–.

# باسی سێیەم: مێژووی سەرهەڵدانی تۆرانیزم

ڕەنگە دیاریکردنی سەرەتایەك یاخود مێژوویەك بۆ سەرهەڵدانی بیری تۆرانیزم، کارێکی هەروا ئاسان نەبێت، چونکە دەکرێ ئەوە بڵێین کەبیرۆکەی تۆرانیەت لەسەرەتای سەرهەڵدانی نەتەوەی تورکەوەو دواتر بەهاتنە کایەی دەوڵەتی عوسمانی و پاشان بوونی لەناخی تورکەکاندا هەبوو بێت–بەمانا گشتیەکەی– بەڵام کاتێك لەم حاڵەتە گشتیە دێینە دەرەوە، ئەو کات دەتوانین چەند بیروڕایەکی تر دەست نیشان بکەین، کەقسەیان دەربارەی مێژووی سەرهەڵدانی بیری تۆرانیزم کردووە.

بیروڕا وایە کە ئەو دەمەی هەردوو کۆمەڵەی سلاڤی و کۆمەڵەی جەرمەنی پەیدابوون، یەکەمیان بووە هۆی کاردانەوەی ئەو گەلانەی کە سلاڤ نین و لەو ناوچانەدا نیشتەجێن کە سلاڤ زۆرینەیان پێکدەهێنێت، لەو بیرۆکانەی ڕێی خۆشیان کردەوە بیرۆکەی تۆرانیزم بوو، ئەوەی سەیرە ئەم بیرۆکەیە لەنێوەندی کۆمەڵێ زاناوە لە مەجەرستان (هەنگاریا) پەیدابوو، ئەمانە کەوتبوونە ژێر کاریگەری ئەو بۆچوونەوە کەنەوەی خێڵە کۆنەکانی (هون)ن، شانازییان بەمەوە دەکردو هەوڵیان دا ئەم بیرۆکەیە بەهەموو ئەو ناوچانەدا بڵاوبکەنەوە کەتورکەکان ومەغۆل وفین–ئۆغۆزو مەجەرییەکان تیایاندا نیشتەجێن" (16).

ئەم هەستە لەدوای لەبەریەك هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت وسەربەخۆبوونی کۆمەڵێك کۆماری تورك زمانی وەك: ئازەربایجان، قەرغیستان، قازاغستان، تورکمانستان، ئۆزبەکستان، داغستان، لەبەر چەند هۆکارێکی ئابوری–جارێکی دیکە

بوژایەوەو تورکیاش ئەو هەلەی قۆستەوەو دەیویست ڕۆڵێك کەساڵانی شەڕی یەکەمی جیهانی لەدەستی چووبوو وەدەستی بخاتەوە"[17].

بەڵام ئەم بیروڕایە، دەکرێ بیروڕایەکی لاواز بێ، چونکە مێژووی سەرهەڵدانی تۆرانیزم زۆر لەمێژووی ئەم بیروڕایە کۆنترەو ناکرێ وەکو بیروڕایەکی ڕاست و ڕەوان وەربگیرێت–نوسەر–.

دەکرێ بوترێ کەبیری تۆرانیزم دوور لەسنورەکانی تورکیا ولەنێو گەلانی موسوڵمانی ڕوسیا پێی گرت:

( تەتەر، قەرغیز، باشقیر، لەشارەکانی ئوفاو قازانی تەتەرستانی سەروو) بوو، کەدوو بنکەی سەرەکی پان تۆرانیزم دامەزران (تورك یوردو) و (تورك ئوجاقی) و پاشان لەلایەن دامەزرێنەرکانیانەوە بۆ ئەستانە و ئەنقەرە گوێزرانەوەو ئەوێ کرانە ژووانی تورکە لاوەکان وبنکەی کەڵەبازی وپیلانی سیاسیان، بۆیە لانکەی ئەم بزاڤە نەتەوەییە–نەژادییە– لەسەدەی نۆزدەو لێوارەکانی ڤۆڵگاو دوور لەکەنارەکانی بۆسفۆر بوو.

لەبەرهەندێ لەنیوەی دووەمی سەدەی ڕابردوودا، تەتەرەکان هاوکات لەگەڵ نەژادو نەتەوەکانی دی لەخەوێکی قوڵ ڕاست بوونەوە، سیاسەتی ڕوسیای تزاری (قەیسەری) لە بەرامبەر نەتەوە موسوڵمانەکانی ڕوسیا تا ساڵەکانی 1830ز بەزۆر بەمەسیحی کردنیان بوو، پاشان ئەم سیاسەتە ناڕاستەوخۆ بەڕێوەدەبرا، واتە گۆڕینی ئایین، بەهۆی قەشە مەسیحیەکان و بەڕوسی کردنی ڕۆشنبیریی بەهۆی کەم کردنەوەی قوتابخانەی نوێ وئەم سیاسەتە دەرهەق بەهەموو کەمینەکانی ڕوسیا پەیڕەو دەکرا [18].

هەروەها بیروڕا وایە کەبیری تۆرانیزم زانایانی مەجەڕستان هێنایانە گۆڕێ: لای گەلانی تورك کەبەسەر هەردوو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و ڕوسیدا دابەش ببوون، بەگەرمیەوە پێشوازی لێکرا، شتێکی سروشتی بوو کەئەم مەسەلەیە لەڕوسیادا بایەخی گەورە بەخۆیەوە ببینێت، بەڵام عەلی بەگ حوسێن زادە ئەو شاعیرە بوو کەلەڕێی قەسیدەی (تۆران)ەوە کەلەنەوەدەکانی سەدەی نۆزدەدا نوسی، یەکەم بەردی بناغەی تۆرانیزمی سیاسی دانا، وەختێ ڕوو لەمەجەڕستان دەکات و دەڵێ:

" ئێوە ئەی خەڵکی مەجەڕستان

خەڵکێك هەیە برامانە

زێدی هاوبەشی باووباپیرانیشمان..تۆرانە" [19].

دەشێ بزوتنەوەی تۆرانیزم پاش کۆدێتای ساڵی (1905–1909) لەسەر دەستی تورکە لاوەکان کەلەڕوسیاوە هاتبوونە ئەستانە زیاتر گەشەی کردبێت دواتر بانگەشەی یەکخستنی تورکانیان لەڕوی ڕۆشنبیرییەوە کردو لەدواتردا وردەوردە بەهاتنی کەمال ئەتاتورك بۆ مەیدانی کاری سیاسی میتۆدو بەرنامەکانیان لەچوارچێوەی کارکردن لەسنوری کۆماری تورکیادا کورت و چڕ کردەوە[20].

لەلایەکی ترەوە سەرچاوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کەسەرەتای ئەم ڕێبازە لەسەرچاوەیەکی ناتورکیەوە هاتبێ، ئەویش لەڕێگەی نوسینەکانی ڕۆماننوسی فەرەنسی بەناوبانگ (لیون کاهون Leon Chann) کەبابەتی شەڕو کوشتاری مەغۆلەکان، وەك (جەنگیزخان وتەیمورلەنگ) ی دەکردە کرۆکی چیرۆکەکانی بۆئەوەی لاوە فەڕەنگەکان کاتی پێ بەسەربەرن، لەچارەکی سێیەمی سەدەی نۆزدەهەم کاتێ ئەو چیرۆکانە وەرگێڕدرانە سەر زمانی تورکی کاریگەری زۆریان لەدەروونی تورکەکان هەبوو [21].

واتە لێرەدا مەبەست ئەوەیە کە ڕۆشنبیری دەرەوە کاریگەری دروست کردبێت لەسەر جولاندنی هەستی تورکەکان وجولاندنیان بەرەو یەکێتی چوونی سەرجەم گەلانی بەڕەچەڵەك تۆرانی ویەکخستنیان لەچوارچێوەی بزاڤی تۆرانیزمدا.

هەر لەسەر هەمان باس گوتاری نەتەوەیی لەگوتاری ئەنتلجنسیای تورکدا پێش پەیدابوونی کەمالیزم سەری هەڵداو، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی حەمیدی و (مەبەست سەردەمی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمە–نوسەر)، ڕەنگە بۆ سەردەمی ڕێکخستنەکان (التنظيمات 1838–1876ز)یش. مەسەلەی (نەتەوەی هەمەجۆر) کەبەمەرجێکی هەمەلایەنی دادەنرێت وکێشەی تواندنەوەی نەژادە ناتورکەکان جێی مشتومڕو بگرە ململانێی نێوان تاقمی (جون تورکەکان)یش بوو لەدەرەوەی وڵات [22].

هەرچی نوسەرە ئیسلامیەکانیشە بەگشتی تێڕوانینێکی تاڕادەیەك جیاوازیان لەبۆچوونەکانی پێشوو هەیەو سەرهەڵدان وهۆکاری گەشەسەندنی بیری تۆرانیزم دەگەڕێننەوە بۆ دەستێوەردانی دەوڵەتە کۆلۆنیالیزمیەکان، بەشێوەیەك دروست بوونی خودی تۆرانیزم بەبڕوای ئەوان پەیوەست بێ بەکاریگەری وڵاتانی ئەوروپاوە کەگوایە بەچاوی تەماعەوە سەیری خاك و زەویەکانی ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیان دەکردو هەر ئەوانیش بوون بیرۆکەی تۆرانیەتیان کردە پیلان وهۆکارێك دژی ئیسلام وجیهانی ئیسلامی، تەشەسەندنی جەنگ لەلایەن ئیمپراتۆریەتی ڕوسیا و فەرەنسا و بەریتانیا دژی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی شێوەیەك بوو لەشێوەکانی جەنگە خاچ پەرستیەکان [23]. کەدوای هەرەس هێنانی دەوڵەتی عوسمانی لەجەنگی یەکەمی جیهانیدا، ڕۆژنامە بەریتانیەکان وێنەیەکی جەنەراڵ (ئەلەنبی) کەسەرکردەیەکی بەریتانی بوو بڵاوکردەوە لەگەڵ ئەو گوزارشتەدا کەوتی: " ئەمڕۆ

جەنگی خاچ پەرستی کۆتایی هات" . یان کاتێك جەنەڕاڵێکی فەرەنسی لەسەر گۆڕەکەی (سەلاحەددینی ئەیوبی) دەوەستێ و دەڵێ: " گەڕاینەوە ئەی سەلاحەددین" [24]. بەتێڕوانین بۆ ئەو بیروڕایانەی سەرەوە تێبینی خاڵێکی گرنگ دەکەین، ئەویش ئەوەیە کە بەگشتی نوسەرانی جیهانی ئیسلامی و بەتایبەت نوسەرە عەرەبەکان ئەوەندەی پەنجەی تاوانباری بۆ جیهانی خۆرئاواو وڵاتانی ئەوروپا درێژدەکەن و ئەوان بەسەرچاوەی هەموو بەڵاو ناڕەحەتیەك دەزانن بۆ جیهانی ئیسلامی و ئوممەی ئیسلامی هێندە نایەن واقیعبینانە دەست بخەنە سەر برینەکانی جیهانی ئیسلامی لەناوەوە، ئەو گەندەڵی و بڕیارە تۆتالیتاری و شمولیەی کەدەسەڵات لەکۆتاییەکانی لاوازبوون و ڕووخانی دەوڵەتی عوسمانیدا سەری هەڵدابوو، فاکتەرێکی گەورە بوو لەوەدا کەچیتر گەلانی ناتورك توانای قبوڵ کردنی شێوە دەسەڵاتێکیان نیە کەلەسایەیدا تورك برا گەورەو پلە یەك و نەتەوەکانی تر برا بچووك و پلە دووبن، چیتر ئەوان قبوڵیان نەبوو کە هەندێ لەسوڵتانەکان بەناوی ئاینەوە هەموو بڕیارێکیان بەسەردا بسەپێنن کەدوورو نزیك پێوەندی بەئیسلامەوە نەبوو، کۆمەڵێ لەو نوسەرانە بۆ پەردەپۆشکردن و شاردنەوەی ڕووی ڕاستەقینەی شتەکان پەنا دەبەنە بەر ناشیرین کردن و تاوانبارکردنی جیهانی خۆرئاواو ئەوروپا، تەنانەت هەندێ بیروڕا وایە کەجولەکەکانی شاری (سالۆنیك–دۆنمە) هۆکاری سەرەکی جوڵاندنی هەڵگرانی بیری تۆرانیزم بوون، بەتایبەت جولەکەیەکی وەکو (موئیزکۆهین) ڕابەری بزوتنەوەی تۆرانیزم بووەو چەندین نوسراوو کتێبی لەسەر تۆرانیزم نوسیوەو بەیەکێك لەسەرکردەو بیرمەندانی ئەو بزوتنەوەیە دەژمێردرێت [25].

ئەم تاوانبارکردنـە هەرچـەندە ڕاسـتی تێـدا بێـت بـەڵام لەبەشـێکی هـەرە زۆریـدا خۆگێل کردنی تێدا بەدی دەکرێ بەرامبـەر خـراپ بـەکارهێنانی دەسـەڵاتی ئیـسلامی وبوونی کێشمەکێـشی نێـو کۆشـکی سـوڵتانەکان لەسـەر دەسـەڵات ولاوازی دەوڵـەت لەئەنجامدانی ڕیفۆرمی سیاسی وکۆمەڵایـەتی و ئـابوری وپـشت گـوێ خـستنی مـافی ڕەوای گەلانی ناتورك. واتـە تاوانبـارکردنی خۆرئـاواو ئـەوروپا بەهانـدانی لایـەنگرانی بیری تـۆرانیزم بـۆ کۆدێتـاکردن بەسـەر سـوڵتان عەبدولحەمیـدو هەوڵـدان بـۆ پارچـە پارچە کردنی ودابەشکردنی دەوڵەتی عوسمانی ئەوەندەی بیانوویەکە بۆ خۆدزینەوە لەباسـکردنی زەرورەتـی ئەنجامـدانی ڕیفـۆرم لەدەوڵـەتی عوسمانیـدا، ئەوەنـدە حەقیقەتی ڕەهانیە تامرۆڤەکان بێدەنگ بکات، چونکە پێش وەختیش لەسەرهەڵدانی بـیری تـۆرانیزم دەوڵـەتی عوسمـانی لـەململانێ وجـەنگێکی خوێناویـدا بـوو لەگـەڵ ئیسپانیاو پورتوگال، وەك شەڕی (لیپانتۆ). یاخود کۆتایی هێنان بەدەسـەڵاتی ڕۆمـە بێزەنتیەکان ودەسـت گـرتن بەسـەر پایتەختەکەشـیاندا کەشـاری قوسـتەنتینیە بـوو ساڵی (1453ز) لەسەر دەستی سوڵتان محەمەدی فاتیح.

بۆیە دەشێ ئێمە هەموو فاکتـەرو هۆکـارو گرفتـەکان لەشـوێن وجێگـەی خۆیانـدا دابنێین وناکرێ دەستی تاوانباری تەنها بۆ لایەك درێژ بکـەین، لەبنەڕەتـدا مـن بـڕوام وایە ئەگەر گواسـتنەوەی دەسـەڵات وشـێوازی پیـادەکردنی لەدەوڵـەتی عوسمانیـداو هەڵبژاردنی سوڵتانەکان لەسەر بنەماکانی ئیسلام بوایە ومافی گـەلانی نـاتورك پـشت گوێ نەخرایە، ئەوا نەدەتوانرا ئەو دەوڵەتە بـەهێزە بڕوخـێ. کـەماوەی چـوار سـەدە زیاتر فەرمانڕەوایی کرد. بڕوام وایە دەتوانین ئەو بۆچـوونەی سـەرەوە بـەم شـێوەیە ڕاسـت بکەینـەوە یـاخود باشـتر بـۆ ڕۆڵـی وڵاتـانی ئـەوروپا لەگەشەسـەندنی بـیری تۆرانیزمدا بڕۆین، بەوەی کەدەرکەوتنی ئەم بزوتنەوەیە (دیارە تـۆرانیزم دوای فیکـر

وەکو بزاڤ وجولانەوە—نوسەر—) بگەڕێتەوە بۆ دروست بـوونی کۆمەڵـەی (ئیتیحـاد و تەرەقی) کەزۆربەی ئەندامەکانی خوێندنیان لەدەرەوەی تورکیـاو لـەولاتانی ئـەوروپا تــەواوکردبوو، کاریگــەری شارســتانێتی ئــەوروپایان لەســەر بــوو، یەکــەم کــۆنگرەی ڕێکخراوەکــەش لــەمانگی تــەمموزی ســاڵی (1865)، (کــۆنگرەی دامەزرانــدن)ی بەستووەو لەسەردەمی سوڵتان عەبدولحەمیدا قالبێکی سیاسی وەرگرتـووە، کاتێـك سوڵتان عەبدولحەمید دەست بەکار بوو، مەدحەت پاش دەستورێکی دانا و ناوی لێنـا دەسـتوری عوسمـانلی وبانگەشــەی دادگــەری و یەکسانی وبرایــەتی لــەنێو گــەلانی دەوڵەتی عوسمانیـدا دەکـرد، بـەڵام سـوڵتان عەبدولحەمیـد نـەك هـەر ئامـادە نـەبوو پـەیڕەوی ئـەو دەسـتوره بکـات، بـەڵکو هەوڵیـدا لایـەنگرانی دەسـتورەکەش دەسـت بەسەر بکات، لەبەرامبەر ئەو هەڵوێستەی سوڵتان عەبولحەمیدا لەناوەوەو دەرەوەی دەوڵەتی عوسمانی بەرەی رکابەرییەش کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی بوو، لـەتێڕوانینی هەنـدێ نوســەردا، ئـەو ڕێکخــراوە هــەر لەســەردەمی ســوڵتان عەبدولعــەزیزدا وەك ڕێکخراوێکــی ڕۆشــنبیری لــەدایك بــووە [26]. ئەگەرچــی هەنــدێکی تــر ســەرەتای بزوتنەوەی تۆرانیزم دەبەستنەوە بەکۆمەڵەی تورکە لاوەکـان (تـورك درنکـی) یـەوە، کەلــەمانگی دیــسەمبەری ســاڵی 1908 دا دامــەزراوەو لەدامەزرێنــەرەکانی ئــەو کۆمەڵەیەش کەسانی وەك (یوسف ئاقچۆراو ئەحمەد فەرید بەگ وئەحمەد ئاقـاییف و حسێن جاهید بوون) [27].

# باسی چوارەم: هۆکارو پاڵنەرەکانی سەرهەڵدان و گەشەسەندنی بیری تۆرانیزم

زۆر هۆکار هەبوون کاریگەرییان هەبوو لەسەر هاتنە کایەی بیری تۆرانیزم و دواتر گەشەسەندن وفراوان بوونی وەك بزاڤێك، کەدەکرێ سەرەتای ئەو هۆکارانە بگەڕێنینەوە بۆ سیاسەت وهەڵسوکەوتی ڕوسیای تزاری کەدەستی کرد بەچەوساندنەوەی گەلە تورك زمانەکانی نێوچەکانی قەفقاس و باڵکان و ... تاد، ئیتر وردەوردە هەموو لایەك کەوتنەخۆ بۆ دروست کردنی بەرگرییەك لەو مەترسیانەی کە ڕووبەڕوویان دەبوویەوە، بەمەش بیرۆکەی تۆرانیزم گەشەی کردو هەندێ پاڵنەر ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ ڕێگە خۆشکەربوون بۆ پەرەسەندنی کەدەکرێ ئاماژە بۆ هەندێکیان بکەین لێرەوە، بێگومان ئەم هۆکارو پاڵنەرانەش هەمە جۆرو جۆراو جۆربوون و ڕادەو مەودای کاریگەریشیان جیاوازبوو:

*توندو تیژی نواندن لەپیادەکردنی دەسەڵات لەلایەن ڕوسیای تزارییەوە، کە هەوڵیدەدا بەزۆر گەلە دانیشتووانەکانی سنوری دەسەڵاتی بکات بەمەسیحی وهەوڵی سڕینەوەی کلتورو زمانەکەیان بدات، ئەمەش کاردانەوەی توندی هەبوو لەلایەن گەلە موسوڵمانەکانی نێوچە تەتەر نشینەکان وئەوانی تریش ساڵەکانی (1830ز).

ئەم ڕەگەزە گرنگانەی بزوتنەوەی تەتەرەکانی ڕوس کە هەڕەشەی ڕوسی کردنیان لێدەکرا، هەوڵیاندا لەیەکەمین دەمی ژیانی ڕۆشنبیری وئاینیدا، کۆمەڵانی خەڵکی نەزان هۆشیار بکەنەوەو فێری خوێندەواریان بکەن.

ڕێبەرایەتی ئەم بزوتنەوەیە (ئیسماعیل گەسپەرینسکی) نوسەری سیاسی بەناوبانگی تەتەر بوو، گۆڤاری (تەرجومان) کەلەساڵی 1879ز لە(باغچەی سەرای)

(کریمـە-قـەرەم)ەوە دەردەچـوو بەپێـشڕەوەی ئـەم بزاڤـە دادەنـرا، دوای ئـەوە بڵاوکراوەیەکی تر بەناوی (ئەکینجی) بڵاوکرایەوە، بەڵام زۆری نەخایاند لەقـەفقازیش (میرزا فەتح عەلی ئاخوندزادە) لەم ڕێگەیەدا هەنگاوی هەڵهێنا (28).

لـەنیوەی دووەمـی سـەدەی نـۆزدەدا، خۆرهەڵاتناسـی ئـەوروپایی و ڕوس وەك (فامبری، فون بوکوك، ڕادۆلف) قوتابخانەی تورکناسـیان دروسـت کـرد، توێژینـەوەو لێکۆڵینەوەکانیان دەربارەی ڕەگ و ڕەچەڵەك، پەیوەندی خزمایەتی، مێژووی زمان و زاراوە تورکیەکان، شارستانیەتی کۆنی نەتـەوەکانی تـۆرانی، مـەیلێکی نـوێ بـوو بـۆ چالاکی ڕۆشنبیرانی تەتەر کەخولقێنەری ئەم بزوتنەوەیە بوون (29).

هـەروەها لەلایـەکی تریـشەوە لاوازی تورکیـای عوسمـانی و بـەهێزی دەوڵـەتانی ئـەوروپای دەوروبـەری هۆکارێـك بـوون بـۆ گواسـتنەوەی بـیری نەتەوایـەتی بـۆ نـاو دەوڵەتی عوسمانی بەتایبەت (شۆڕشی فەرەنسی) کەکاردانەوەیەکی گەورەی هەبوو، چونکە هەڵگری چەندین بیروبـاوەڕ بـوو، هاوکـات ئـەو جەنگـە نەتەوەییانـەی یـاخود نێودەوڵەتیانـەی ئـەو سـەردەم دژی ئیمپراتۆریـەتی عوسمـانی دەکـراو تێکـشکانی تورکیـا لەجەنگـەکانی دا لـەدژی دەوڵـەتانی دراوسـێی، هـەموو ئەمانـە هۆکـاری لاوازبـوونی دەوڵـەتی عوسمـانی بـوون، کەهـەڵگرانی بـیری ناسـیۆنالیزمی تـورکی، پەیڕەوکردنی بیرۆکەی (تۆرانیزم)یان بەباشترین هۆکار زانـی بـۆ ڕزگـارکردنی تورکیـا لەو تەنگژەیەدا. جیا لەمەش دەرکەوتنی کۆمەڵەو پـارتی جـۆراو جـۆر، کـەئامانجیان جێبەجێکردنی پرەنسیپەکانی نەتەوەیی و لەوانـەش تۆرانیـەت بـوو، کـە تورکـەکانی وڵاتی تورکیا ئینتیمایان بۆی هەبوو هۆکاری یارمەتیدەری ئەم بیرۆکەیە بوون (30).

ئەگەر ڕوونتر لەمبارەیەوە بدوێین دەربارەی هۆکاری گەشەسەندنی بـیری تـۆرانیزم دەکـرێ بـوترێ زیـاتر ئـەو ڕێکخـراوو کەسـایەتیە سیاسـی و ئەدەبیانـەبوون

کەبەنووسینەکانیان توانیان بیری تۆرانیزم بخەنە قاڵبێکی تیۆرییەوەو دواتر ڕێکخراوو کۆمەڵەکانی (تورکیای لاو) و(کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی) خستیانە قاڵبی پراکتیکیەوە، لەکەسایەتیەکانیش بریتی بوون لە (ضیاء کوك ئالب، یوسف ئاقچۆرا، خالیدە ئەدیب)، بۆ نموونە یوسف ئاقچۆرای ئەندامی بەرایی (پان–تۆرانیزم) هەرزوو کەوتە ڕەتکردنەوەی فیکرەی (پان–عوسمانیزم) وجەختی لەسەر دەوڵەتێکی ناسیۆلیستی تورکی دەکرد، ئاقچۆرا ئەو بۆچوونەی لەگۆڤاری (تورك یوردی) لە وتارێکدا بەناوی (زیندووبوونەوەی دوای مەرگ هەقە) بڵاوکردۆتەوەو دەبێژێ: "تورکەکان دەبێ لەعەرەبەکان جیاببنەوە"[31].

بڵاوکردنەوەی ئایدۆلۆژیای تۆرانیزم بەهۆی کتێبی مێژوویی و ئەدەبییەوە بەڕێوەدەچوو، نیشاندانی شانازیە کۆنەکانی خان وخانەقاکان، لاوەکانی هان دەدا تاخۆیان بەخاوەنی دەوڵەتی عوسمانی، تەنیا دەوڵەتی (تۆرانی) جیهان بزانن. پێویستی هاوکاری لەگەڵ هەموو نەژادو نەتەوەکانی تۆرانیو ژیاندنەوەی ئیمپراتۆریەتی تورکو تەتەری فێری دەکردن[32].

هۆکاری دیکەش لەپەرەگرتنی ئەم (ناسیۆنالیزم)ە نەژادیەدا دەوریان هەبوو: لەئەنجامی شۆڕشی (1905ز) دا زانکۆی قازان و ڕۆژنامەو کتێب، زنجیرەکانیان پچڕاندبوو، گرنگترین ئەو ڕۆژنامەو گۆڤارانەی لەباکۆو قازان وبنکەکانی تری تورك وتەتەرەوە دەردەچوون و ژمارەیان دەگەیشتە (50) ئەمانە بوون: لەباکۆ:

- (حەیات) بەسەرپەرشتی ئەحمەدی ئاقاییف و عەلی حسین زادە.
- (تازەحەیات) و (صەدا) بەسەرپەرشتی هاشم بەگ.
- (ئیرشاد) و (تەرەقی) بەسەرپەرشتی ئاقاییف.
- (حەقیقەت) و (ئیقبال) بەسەرپەرشتی ئەروجوف.

➢ (فیوضات) بەسەرپەرشتی حسین زادە.

بڵاوکراوەکـانی ئاقـایف وحـسین زادە، زۆربــەیان لەلایــەن سانـسۆری تزارییــەوە دەوەســتان و پاشــان لــەژێر ناوونیــشانی دیکــەدا بــڵاو دەبوونــەوە، پارەکــەیان (تــازەئوف)ی ملیــۆنێری بــاکۆیی دەیــدا، ئــەو بڵاوکراوانــە ڕۆڵێکــی باڵایــان لەپەروەردەکردنی (ناسیۆنالیزم) لە ئازەربایجانی قەفقازو پەرەگرتنی پـان تـۆرانیزم دەگێڕا [33].

دوای ئــەوەی کەلەســاڵانی (1900ز) دا، پــان تــۆرانیزم ببــووە بیروبــاوەڕێکی سیاسی تـەواو پوخـت لەمێـشکی ڕێبـەرانی تـورك وتەتـەری ڕوسـیا، هاوکـات بەسـتن وسـازکردنی ئـەو کۆنگرانـە ڕۆڵێکـی گـەورەیان بینـی لەتەشـەنە پێکردنـی هەسـتی تۆرانیزمدا کەلەیەکەمین مانگەکانی ساڵی (1905ز) دا، واتە ڕۆژانـی بـەر لەشۆڕشـی ڕوسـیا، هـەلێك بـۆ نەتـەوە تۆرانیـەکانی نێـو ئیمپراتۆریـەتی ڕوسـیا هەڵکـەوت کـە (کۆنگرەی موسوڵمانان) پێکبهێنن و لەوێدا بۆ یەکەمین جار نوێنەرانی هەموو نەتەوە تۆرانیەکانی (ڕوسیا، قرم، قەفقاز، سیبریا، تورکستان، ئوفا، ئورنبورگ، سینبریسك، قازان)، بەشداربوون بەمەبەستی خـۆلادان لەتـەنگ پـێ هەڵـچنینی پۆلیـسی تـزاری، شوێنی بەستنی ئەم کۆنگرەیـە، بـازاڕی سـاڵانەی (نیـژنی–نوفگـورود) و کاتەکەشـی مانگی ئاب دانرا، لەناو کەشتیەکی ڕوباری ڤۆلگا کەبۆ ئەم مەبەستە بەکرێ گیرابـوو. چـەند سـەد نوێنــەر لــە مــەلا و بــەگ و بازرگــان و ڕۆشــنبیر لەیەکـەمین کـۆنگرەی موسوڵمانەکانی ڕوسیادا کۆبوونەوە.

دووەمین کۆنگرە کەلەساڵی 1906 لـە (پترزبـۆرگ) پێکهـات لەلایـەن پۆلیـسەوە بڵاوەی پێکرا. دوای ماوەیەك لەم کۆنگرەیـەدا زمـانی تـورکی ئەسـتەمبوڵییان کـردە زمـانی گـشتی پـان تۆرانیـستەکان وسیـستمی دەرسـی عوسمانیـان لـەلای خۆیـان

بەکارهێنا. دواتر سێیەمین کۆنگرە لە (ماکاریا) ی نزیك (نیژنی–نوفگورود) دەستی بەکارکرد، لەم کۆنگرەیەدا نزیکەی (800) هەشت سەد نوێنەر بەشداربوون و سەرۆکایەتیەکەی درابووە دەست (ئۆپچی باشییف)ی ڕێبەری سیاسی و (پان–تۆرانیزم) ی بەناوبانگی قەفقاز. بەرنامەی کاری دانیشتنەکان بەپلەی یەکەم دەژمێردران. لەبەرئەوەی دەوڵەت ئیجباری بوونی خوێندنی زمانی ڕووسی لەخوێندنگە ئیسلامیەکاندا هەڵوەشاندبووەوە.

کۆنگرەش بەرنامە گشتیەکانی خوێندنگەکانی نەهێشت. هەروەها لەبەر هەندێك کۆنگرە بڕیارێکی دا، هەرچەندە بەڕووکەش بەڕۆشنبیری دادەنرا، بەڵام لەڕاستی دا بەقووڵی ئیسلامی بوو: زمانی تورکی کردە زمانی میللی هەموو کۆمەڵگە ئیسلامیەکانی ڕوسیاو سیستێمی دەرسی لەئیمپراتۆریەتی عوسمانیەوە وەرگرت. بێجگە لەهەندێکیش، بەرنامەیەکی سیاسی نووسی کەلەڕاستی دا بەرنامەی خەبات لەڕێگەی ئازادی دەژمێردراو ئیدیعای دەکرد، نیشاندەری (ئامانج وئارەزووەکانی) بیست ملیۆن موسوڵمانی ڕوسیایە [34].

هەندێ بیروڕای تر هۆکاری گەورەبوون بۆ زیاتر پێکهاتن و گەشەسەندن و سەرهەڵدانی تۆرانیزم یاخود (ناسیۆنالیزمی ناوچەیی) لای گەلانی تورك زیاتر بەشێوەیەکی فراوان بۆ کۆتایی یەکەمین جەنگی جیهانی دەگێڕنەوەو بڕوایان وایە لەو مێژووەوە دەستی پێکردووە، ئەوەش پاش دامەزراندنی یەکێتی سۆڤیەت، زیاتر ڕەگی داکوتاو قوڵبووەوە، لەبەرئەوەی سەرکردایەتی شیوعی بەتایبەتیش سەرکردایەتی ستالینی پەیڕەوی لەسیاسەتی دابەشکردن و هاوێرکردن و تاراوکردن کرد دژ بەکەمایەتیەکان: بۆ نموونە بەمەبەستی ئەوەی پەیوەندیەکانی ئازەربایجان لەگەڵ تورکیادا بپچڕێنێت لەڕێی تورکانی بورجالی و ئاهیسکاوە لەجۆرجیا، تەواوی

ئاهیسەکان وهەندێ لەبورجالیەکان بۆ قازاقستان و ئۆزبەکستان دوور خرانەوە بگرە لەساڵی (1944ن) دا پلانێك بۆ دوورخستنەوەی زۆربەی دانیشتوانی ئازەربایجان بۆ قازاقستان دارێژرا. مۆسکۆش هەوڵیدا پەیوەندییە ڕۆشنبیرییەکانی نێوان کۆمارە تورکەکانی یەکێتی سۆڤیەت بۆ ئاستێکی زۆر نزم دابەزێنێت و یاری بەهەستی نەتەوایەتییان دەکرد بەوەی نەیدەهێشت ناوی تورکی بەکاربهێنن و ئەلف وبێکانیانی گۆڕی بۆ ئەلف و بێی سلاڤی. ئەمە جگە لەوەی هەموو جۆرە گوشارێك دەخرایە سەر ڕۆشنبیرە ناسیۆنالیستەکان و بەوە تاوانبار دەکران کە بە (کرێگیراوی تورکیا)ن و بانگەشە بۆ یەکگرتووی تورکی دەکەن [35] .

دواجار ناکرێ ڕۆڵ و کاریگەری جولەکە لەبرەو پێدانی تۆرانیزمدا فەرامۆش بکەین، چونکە سەرچاوە مێژووییەکان ئەم ڕاستیەیان باسکردووە وبەبەڵگەوە لێی دواون، بەتایبەت جولەکەکانی شاری (سالۆنیك) کەهەر لەسەرەتای بزوتنەوەکەوە دەستیان هەبووە تیایدا و چەندین کەسایەتییان پێگەیاندووە کەدواتر بوون بەسەر مەشقی بیری تۆرانیزم.

(نیازی بەرکەس) کەمامۆستای زانکۆی ماکگڵ لەکەنەدا بوو، لەکتێبێکی دا بەنێونیشانی (هاوچەرخێتی لەتورکیادا) دەڵێ: " جولەکە ئەوروپیەکان وجولەکەکانی ناوخۆی دەوڵەتی عوسمانی، لەهەردوو سەدەی نۆزدەیەم وبیستەمدا، ڕۆڵێکی ڕسکاویان لە لەنگەرگرتنی ڕەوتی نەتەوایەتی تۆرانیزمدا هەبووە". زانا جولەکەکان لەخۆرئاوا وەکو (لوملی دێڤید و لیۆن کاهۆن و ئێر مێنیوس فامبری) شتیان لەبارەی بنچینەکانی بیرزای نەتەوایەتی تۆرانیزم نوسیوە، هەروا جولەکەکانی نێودەوڵەتی عوسمانیش وەکو (قەرەصو و موئیز کۆهین و ئەبراهام گالانتی پەلیلن)، ڕۆڵیان لەپێشخستنی پارتی ئیتیحادو تەرەقی دا هەبوو. لەگەڵ سەرکەوتنی ئەم

کۆمەڵەیەش لەکاتی لەکارخستنی فـەرمانڕەوایی سـوڵتان عەبدولحەمیـدی دووەمـداو دواتریش دەست بەسەراگرتن و لابردنـی لەدەسـەڵات. زایـۆنی و جولەکـەکان ڕوویـان لەئیتیحایـەکان نـا بۆئـەوەی نیـشتمانێکی نەتـەوەیی بـۆ جولەکـەکان لەفەلەسـتین دەستەبەر بکەن[36] .

پێدەچێت هەر لەسەرەتاوە جولەکە ئەم مەبەست وئامانجەیان هەبوو بێت لەزیاتر پێکهـاتن و گەشەسـەندنی بـیری تۆرانیزمـدا، چـونکە ئـەوان لەسـەردەمی سـوڵتان عەبدولحەمیـدی دووەمـدا وەفـدێکیان نـاردە لای بۆئـەوەی نیـشتمانێك بکـڕن لەفەلەستین، بەڵام عەبدولحەمید لەبەرئەوەی خۆی بەخەلیفەو سـوڵتانی موسـوڵمانان و جیهـانی ئیـسلامی دەزانـی بەتونـدی وەڵامـی دابوونـەوە، هاوکـات ڕەنگـە لـەم نێوەندەدا ئیتیحادیەکان جۆرە بـەڵێنێکیان پێدابن لـەکاتی سـەرکەوتنیان و لابردنـی عەبدولحەمید لەدەسەڵاتدا، ئەمەش ئەگەرێکی پێشبینی کـراو بـووە. هـەروەك بـیری تۆرانیزم بەدیلێکی باشتربووە بۆ جولەکـەو هێنانـەدی خـەون وئامانجـەکانیان لەچـاو دەسـەڵاتی پـان–ئیـسلامیزمی سـوڵتان عەبدولحەمیـد کـەهیچ تەباییـەکی لەگـەڵ جولەکەدا قبوڵ نەدەکرد.

ئـەوەی بـاس کـراو خرایـە ڕوو چـەند بـیروڕاو بۆچـوونێکی جیـاوازبوو دەربـارەی هۆکـارو پاڵنـەرەکانی سـەرهەڵدان وگەشەسـەندنی بـیری تـۆرانیزم وفـراون بـوونی چوارچـێوەکانی، کـە وردەوردە لەڕێگەی کایەو بوارە جۆراوجۆرەکانەوە گوازرایەوە بـۆ نێـو سـنوری جـوگرافی تورکیـاو دواتر بوو بە داینەمۆو بزوێنەری جۆش و خرۆشی تاك ڕەگەزی گەلانی نەژاد تورك و دواتـریش تـاك نەتەوەی تورك کەتوانیان لەڕێگەیەوە کۆمـەڵێك دەسـکەوتی گـرنگ بـۆ خۆیـان دەسـتەبەر بکـەن. ڕەنگە قسەکردنی ورد دەربارەی ڕۆڵی کەسایەتی وپارت وکۆمەڵـەو ڕێکخراوەکانیـان لەپـەرەگرتنی بیری تۆرانیزمـدا جومگـە هەسـتیارەکانی ئـەو پـەرەسـەندن و گەشـەکردنە دیـاری بکـات، کەچـۆن تـۆرانیزم لەهەسـتێکی بـچووك وناوچـەییەوە گـۆڕا بـۆ هەسـتێکی بـەرفراوان ونەتـەوەیی تـورك تاڕادەیەکی باش توانیان سودی گەورەی لێ ببینن.

# پەراوێزەکانی بەشی یەکەم

(1) زارەڤاند: (تۆرانچێتی، وەدەرکەوتن، ئایدۆلۆژیاو بەرنامە)، وەرگێڕانی (ئەبوبەکر خۆشناو)،لا(6).

(2) محەمەد نورەدین: تورکیا لەسەردەمی گۆڕاندا، وەرگێڕانی (ئازاد بەرزنجی)، چاپی یەکەم، سلێمانی، 2000،لا(345).لەبلاّوکراوەکانی دەزگای چاپو پەخشی سەردەم.

(3) زارەڤاند: تۆرانچێتی، سەرچاوەی پێشوو، لا(6).

(4) هەمان سەرچاوەی پێشوو.

(5) محەمەد نورەدین: تورکیا لەسەردەمی گۆڕاندا، سەرچاوەی پێشوو،لا(344).

(6) زارەڤاند: تۆرانچێتی.... سەرچاوەی پێشوو، لا(6).

(7) هەمان سەرچاوە، لا (7).

(8) هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا(6،5).

(9) نجاح عطا الطائی: الفکر القومی، اسلامیا وتاریخیا، ص(27-33).

(10) عبدالوهاب الکیالی: الموسوعة السیاسیة، المؤسسة العربیة للدراسات والنشر، بیروت- لبنان، طبعة اذار (1974)،ص(363).

(11) کامەران ئەحمەد محەمەد (مەنتك): کوردستان لەنێوان ململانێی نێودەوڵەتیو ناوچەییدا(1890-1920)،لا(189).

(12)زارەڤاند: تۆرانچێتی ، وەدەرکەوتنو ...... سەرچاوەی پێشوو، لا(18).

(13) زارەڤاند: تۆرانچێتی .......سەرچاوەی پێشوو، لا(18).

(14) محەمەد نورەدین: تورکیا لەسەردەمی گۆڕاندا.........سەرچاوەی پێشوو،لا(343).

(15) سەلام ناوخۆش ئەبوبەکر: (بزوتنەوەی دەستورخوازیی تورکیاو مەسەلەی کورد)، گۆڤاری (سەنتەری برایەتی)، ژ(9)،لا(47).

هاوکات دەربارەی تۆرانیزم بیروڕایەکی تر دەڵێت:" پان تۆرانیزم جگە لەجۆش و خرۆشێکی نەژادیو رۆشنبیرییەکی گشتیەو لەواقیعدا جگە لەتیژێکی خەیاڵی لەمێشکی تورکاندا شتێکی دیکە نیە".

(16) محەمەد نورەدین: تورکیا لەسەردەمی ............سەرچاوەی پێشوو، لا(343،344).

(17) زارەڤاند: تۆرانچێتی........ سەرچاوەی پێشوو، لا(3).

(18) هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا(8،9).

(19) محەمەد نورەدین: تورکیا............ سەرچاوەی پێشوو، لا(344).

(20) عبدالوهاب الكيالي: الموسوعة السياسية، سەرچاوەی پێشوو،لا(363).

(21) کامەران ئەحمەد محەمەد(مەنتك): کوردستان لەنێوان ............سەرچاوەی پێشوو،پەراوێزی لا(189).

(22) حەمید بۆز ئەرسەلان: سەبارەت بەتێزی تورك لەمێژوودا، وەرگێڕانی (سدیق ساڵح)، گۆڤاری سەردەم، ژ(5)، ساڵی یەکەم، 1999،لا(123).

(23) نجاح عطا الطائي: الفكر القومي، اسلاميا وتاريخيا، ص(27-29).

(24) محمد جلال كشك: القومية والغزو الفكري، ص(849، لەکتێبی (نجاح عطا الطائي: الفكر القومي، اسلاميا وتاريخيا)وە، وەرگیراوە،ص(29).

(25) محەمەد حەرب: ئەو جولەکەیەی رابەری تۆرانیزم بوو، وەرگێڕانی (ژیوان گەلاڵی)، گۆڤاری (رابوون)،ژ03)،ساڵی یەکەم، سلێمانی، 2000،لا(75).

(26) سەلام ناوخۆش ئەبوبەکر خۆشناو: (بزوتنەوەی دەستورخوازیی تورکیاو مەسەلەی کورد)، گۆڤاری (سەنتەری برایەتی)، ژ(9)، لا(42،43).

(27) نجاح عطا الطائي: الفكر القومي، اسلاميا وتاريخيا، ص(29،30).

(28) زارەڤاند: تۆرانچێتی........ سەرچاوەی پێشوو، لا(9).

(29) هەمان سەرچاوەی پێشوو.

(30) نجاح عطا الطائي: الفكر القومي، اسلاميا وتاريخيا، ص(27،28).

(31) سەلام ناوخۆش ئەبوبەکر: کوردستان چۆن داگیرکرو دابەشکرا؟، لا031).

(32) زارەڤاند: تۆرانچێتی........ سەرچاوەی پێشوو،لا(11،12).

(33) زارەڤاند: تۆرانچێتی........ سەرچاوەی پێشوو،لا(15،16).

(34) هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا(15).

(35) محەمەد نورەدین: تورکیا........... سەرچاوەی پێشوو، لا(346،347).

(36) محەمەد حەرب: ئەو جولەکەیەی رابەری تۆرانیزم بوو، وەرگێڕانی (ژیوان گەلاڵی)، گۆڤاری (رابوون)،ژ(3)، ساڵی یەکەم، سلێمانی، 2000، لا(75).



زیا کوك ئالب

" مـــــــن تورك بم یان نا، هاوڕێی تورکم

ئێوەش تورك بن یان نا، دوژمنی تـــــــورکن "

زیا کوك ئالب

# بەشی دووەم

## ڕۆڵی کەسایەتی و کۆمەڵەو ڕێکخراوەکان لە پێکهاتن و پەرەسەندنی بیری تۆرانیزمدا

## باسی یەکەم / تیۆریسینەکانی بیری تۆرانیزم

( ڕۆڵی کەسایەتیەکان لەبونیاتنان و پەرەسەندنی بیری تۆرانیزمدا )

- عەلی بەگ حسێن زادە
- زیا کوک ئالب ( محەمەد ئەمین بەگ )
- یوسف ئاقچۆرا
- موئیز کۆهین ( تەکین ئالب , موئەنیس ئالب )

## باسی دووەم/

( ڕۆڵی کۆمەڵەو ڕێکخراوەکان لە پەرەسەندنی بیری تۆرانیزمدا )

- کۆمەڵەی تورکە لاوەکان ( ترکیا الفتاة )
- کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی

# باسی یەکەم: (تیۆریسینەکانی بیری تۆرانیزم)

## " ڕۆڵی کەسایەتیەکان لەبونیاد نان وپەرەسەندنی بیری تۆرانیزمدا "

هەر لەسەرەتای دەستپێکردنی هەستی تۆرانیزمدا چەندین کەسایەتی تورك و نەتەوەکانی دیکە کەبەزمانی تورکی دەدوان ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە لەبرەودان بەو هەستەو دواتر کارکردن بۆ زیاتر گەشەسەندنی بیری تۆرانیزم، هەندێك کەسایەتی تریش کەبەڕەچەڵەك تورك نەبوون وزمانی تورکیشیان نەزانیوە یارمەتیدەرو پاڵپشتی پەرەسەندنی ئەو بیرۆکەیە بوون و نوسین و کۆڕو کۆبوونەوەو ڕۆڵی سیاسی وکۆمەلآیەتی و تەنانەت ڕۆڵی ئەدەبی وکتێبەکانیشیان کاریگەرییەکی گەورەی کردە سەر هۆشیارکردنەوەی گەلانی نەژاد تورك و بێداربوونەوەو جولآندنیان و یەکخستنیان لەچوارچێوەی بزاڤی تۆرانیزمدا. کەدواتر ئەم کەسایەتیانە چوونە نێو کایە گرنگەکانەوەو کاریگەرییان لەسەر بڕیاری سیاسی و بزواندنی جەماوەر هەبوو بۆ خەبات کردن لەپێناوی دەستەبەرکردنی ئەو ئامانجانەی کەبانگەشەیان بۆ دەکرد.

دیارە ژمارەی ئەو کەسایەتیانە زۆرن و ناتوانین لەئاوەها دەرفەتێکدا بەدوورو درێژی دەربارەی ژیان و ڕۆڵی پڕ کاریگەرییان بدوێین، بەلآم هێندە هەیە دەتوانین لەڕێگەی قسەکردن لەسەر ژیان و ڕۆڵی هەندێکیان ئاشنای بارودۆخی ئەو سەردەمە ببین کەچۆن بیری تۆرانیزم گەشەی تێداکرد، بەهۆی ڕۆڵی پڕ چالاکی ئەم کەسایەتیانەوە، بۆیە ئێمە تەنها دەربارەی چوار کەسایەتی دەدوێین.

## عەلی بەگ حوسێن زادە: (*)

ئـەم کەسـایەتیە ئـەو شـاعیرە بـووە لەبنەڕەتـدا کەلەڕێگـەی قەصـیدەیەکی شـیعرییەوە بـەناوی (تـۆران) بـوو بەبناغـە داڕێـژەری تـۆرانیزمی سیاسـی [37] وهـەر ئەویش بوو کەبەناوی مامۆستای خوێندنگـەی پزیـشکی سـوپاوە چـووە ئەسـتانە تـا پـان–تـۆرانیزم بڵاوبکاتـەوەو پڕوپاگەنـدەی بـۆ بکـات، هـەمان کـەس بـوو کـە پـان تۆرانیزمی هێنایـە تورکیـا. ئـەنجامی هـەوڵ و کۆشـشی سەرسـەخت وبەردەوامـەکانی پێکهێنانی کۆمەڵەی پان–تۆرانیست بوو، هەرچەندە ئەندامەکانی کەمیش بوون، بەڵام بوونە گەورەترین مامۆستاو ڕابەری پـان تـورکیزم وپـان تـۆرانیزم. کاتێـك عـەلی بـەگ حوسـێن زادە (کەلـەکاری ئەسـتانە گەڕابوویـەوە) بـەهاوکاری ئەحمـەدی ئاقـاییف وتۆپچی باشـییف بنکـەی خۆیـان پێکهێنـابوو، کارەکانیـان داڕشـتبوو لـەکاتی خۆیـدا جێبەجێیان کردبوو، ئەم پیلانەشـیان لەشـاری بـاکۆ داڕشـتبوو، ئەمـەش کاتێـك بـوو کەئازەرییەکان داوای یارمەتیان لەتورکیا دەکرد، ئیتر چاوەڕێی یارمەتی ناڕاستەوخۆو دزەکی بوون، پاشتر لەلایەن ڕێکخراوە پان–تۆرانیستەکانی ئەسـتانەوە(کەلەئەسـتانە دامەزرابوون) پارەو چەکیان بۆ دەناردن (ئەم حاڵە زیـاتر پەیوەنـدی بەشـەڕی نێـوان ئازەرییەکان وئەرمەنییەکانەوە هەبوو).

---

(*) عەلی بەگ حوسێن زادە: لەساڵی (1864ز) لە (سالیان)ی ناوچەی قەفقاز لـەدایك بـووە , لـەپترزبورگ خوێنـدنی پزیـشکی تـەواوکرد. هاوکاتی ئەوە , زانیاری خۆی بەزمانی ئینگلیزی , فەرەنسی , ئەڵمانی و زمانە کۆنەکان تەواوکرد , لەساڵی (1889ز) لەئەسـتانە جێگیربـوو , دواتر بووە مامۆستای کۆلێژی پزیشکی سوپاو لەساڵی (1895ز) بووە پزیشکی خەستەخانەی نوێی حەیدەر پاشاو لەساڵی (1900ز)یـش بـوو بەمامۆستای کۆلێژی ئەفسەری. لەساڵی (1905ز) گەڕایەوە قەفقازو لەگەڵ ئاقاییف ڕۆژنامـەی (حـەیات)ی دامەزرانـد , لەسـاڵی (1910ز) گەڕایەوە ئاستانە ولـەڕێکخراوەکانی (تورك یوردو) و(تورك ئۆجاقی)دا کاری دەکرد , لەسـێیەمین کـۆنگرەی کۆمەڵـەی (ئیتیحـادو تـەرەقی)دا بەئەندامی (مەرکەزی گشتی) هەڵبژێردرا.

لەساڵی (1889ز)دا عەلی بەگ حوسێن زادە کەمامۆستای کۆلێجی ئەفسەری بوو، چالاکیەکی چڕی دەستپێکرد. چامەی (تۆران) ی ئەو بانگی پان–تۆرانیزم بوو لەئەستانە کەهەستی بەشێکی نەوەی نوێی وروژاندو سەرنجی بۆئەم بزاڤە نوێیە ڕاکێشان. ئەم شیعرەی عەلی بەگ حوسێن زادە لەگەڵ شیعرەکەی (زیاء گوک ئالب) کەهێشتا هەشت ساڵ تێپەڕیبوو بەسەر بڵاوبوونەوەی (تۆران)دا بەناونیشانی (من تورکم) بڵاوکردەوەو زەمینەیان خۆشکرد کەگۆڕانکارییەکی زۆر گرنگ لە شێوازی بیرکردنەوەی تورکان دا پێشبینی بکرێ: گواستنەوە لەعوسمانیەوە بۆ تورکچێتی، لەنیشتمان پەروەری (دەوڵەتی)یەوە بۆ نیشتمان پەروەری (نەژادی). پێشتریش باسمان کرد کەعەلی بەگ حوسێن زادە لەگەڵ ئەحمەدی ئاقاییف سەرپەرشتی چەند گۆڤارو ڕۆژنامەیەکیان دەکرد لەوانە (حەیات و فیوضات) کەئەمەی دواییان لەلایەن خۆیەوە سەرپەرشتی دەکرا[38]. دواتر عەلی بەگ حوسێن زادە لەگەڵ پان–تۆرانیستەکانی ترو ڕێبەرانی تری ئەو بزاڤە یەك لەدوای یەك بەرەو ئەستەمبوڵ کەوتنە ڕێ و لەوێ نیشتەجێ بوون.

## زیا کوك ئالب ( موحەمەد ئەمین بەگ ):

ئەم کەسایەتیە بەگرنگترین و کاریگەرترین ڕێبەرو تیۆریستەکانی بیری تۆرانیزم دەژمێردرێت و ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە، کاتێك کەلەشاری سالۆنیك (سلانیك)، لەگەڵ محمد ضیاء گەیشتنە (موئیز کۆهین) نوسەرو جولەکەی عوسمانی ، هەردوکیان نازناوێکی تورکییان بۆخۆیان هەڵبژارد کە (ئالب) بوو، ناوی یەکەمیان بوو بە

موحەمەد ضیاء کوك ئالب وهی دووەمیش بوو بە موئیز کۆهین تەکین ئالب، لەو کاتەوە تامردن ئەو دوانە لێك جودا نەبوونەوە [39].

ضیاء کوك ئالب، بڕوا وایە کەبەڕەچەڵەك کوردی زازا بووبێت ولەشاری دیاربەکر لەدایك بووە، بەڵام لەپێناوی بیری تۆرانیزمدا تێکۆشاوە، تەنانەت دوای ئەوەش کەماهیەتی تورکە لاوەکانی بۆدەرکەوت هەر پەشیمان نەبوویەوە، تورکایەتی وایلێکردبوو کەلەبیری بچێتەوە کەکوردە وهەمیشە لەمبارەیەوە ئەو کۆپلە شیعرەی بۆ ناحەزانی دەووتەوە لەژێر ناونیشانی (بۆ ئەو پیاوەی بەمن دەڵێ تورك نیە):

"من تورك بم یان نا، هاوڕێی تورکم

ئێوەش تورك بن یان نا، دوژمنی تورکن" [40].

هەر لەو کاتەی کەکۆمەڵێك ڕۆشنبیر گۆڤاری (گەنج قەلەملەر)یان دامەزراند، ئیتر ضیاء کوك ئالب کەلەمێژبوو (بەرنامەی ڕزگاری نیشتمانی) واتە لەواقیعدا بەرنامەی پان–تۆرانیستەکانی لەمێشکدا بوو، (گەنج قەلەملەر)ی وەك هۆکارێکی باش زانی بۆ بڵاوکردنەوەی تیۆرییەکانی. بەپێشنیاری عەلی جەناب کەلەگەڵ عومەر سەیفەددین و عومەر ناجی کەگوتاریان تێدا دەنووسی، ضیاء کوك ئالب هاتە نێو دەستەی نوسەرانی گۆڤارەکەو لەگەڵیاندا دەستی دایە پڕوپاگەندە بۆ تورکچێتی.

دواتر بنیاتنەری تۆرانچێتی ناوی ئایینی یانەی (محەمەد ضیاء)ی گۆڕی وناوی خۆی نا (ضیاء کوك ئالب) و بەو ناوەوە ناوبانگی دەرکرد، ضیاء کوك ئالب هێندەی نەبرد ژمارەیەك ڕۆشنبیری ئۆپۆرتۆنیستی لەدەوری خۆی کۆکردەوە: (محەمەد فوئاد کوپەرلوزادە)ی مامۆستای زمانەوانی و نوسەرانی وەکو ئەحمەد حیکمەت وحەمدوڵڵا صوبحی و جەلال شەهیر و نەسیم صارم و یەعقوب قەدری وچەند کەسێکی تری بڵاوکراوە کە (سالۆنیك)یان کردە مەکۆی خۆیان، یەکێك لەشیعرە سەرەتاییەکانی

ضیاء کوك ئالب کەلەگۆڤاری (گەنج قەلەملەر)دا بڵاوی کردەوە بەناونیشانی (تـۆران)، بەم شێوەیەی خوارەوە:

" بانگەکان
کەلەڕەگەکانمدا دەزرنگێنەوە
لەقوڵایی مێژووەوە دێن
نە لەنێو پەڕی کتێبەکان
لەئاوازی لێدانی دەمارەکانم
لەترپەی خرۆشی دڵم
سەرکەوتنی نەژادە ماقوڵ وهەڵبژاردەکەم
دەخوێنمەوە
سیمای ئاتیلا و جەنگیز
ئەم شانازیەی نەژادم
لەژێر باری تۆمەت و درۆدا
قەدەغە کراون
لەبارێکدا، شانازیەکانیان
ئەوەندەی تزارو ئەسکەندەر دەبن
لەترپەی لێدانی دڵم دایە
چونکە دڵی من ئۆغۆزخان
بەباشی دەناسێ
کەلەبارەگای مێژوودا هێشتا ڕازە

ئەو لەخوێنی مندا زیندووە

گەورەو ڕێزدار

ئۆغۆزخان....

دڵی پڕاو پڕکردووم

نیشتمانی تورکان، تورکیا نیە

تورکستانیش نیە....

دوورترە

وڵاتێکی فراوان و نەمر

تۆران" (41)

کاتێك ئەم شیعرە بڵاوکرایەوە، نەوەی نوێ بەپەرۆشییەکی زۆرەوە پێشوازی لێکرد. هەروەها کاتێکیش کە کەمال بەگی سکرتێری بەشی ئەستانە لەکۆنگرەی سالۆنیك بەناوی هاوڕێکانیەوە ڕایگەیاند: " ئامانجی حزبی ئیتیحادو تەرەقی پێشکەوتنی میللەتی ئێمەیە"، نوێنەران قسەکەیان پێ بڕی، لەهەمان کۆنگرەدا ضیاء کوك ئالب، ڕێبەری سیاسی و نوێنەری دیاربەکر کە خۆ تێگەیاندنی نادۆستانەی نوێنەران لەقسەکانی کەمال بەگ کاری تێکردبوو، بەڕێبازی تۆرانیزمەکانەوە پەیوەست بوو، ضیاء کوك ئالب بەئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حزب هەڵبژێردراو لەگەڵ نوێنەری ئاستانە چووە پایتەخت وبەیارمەتی ستادی پان–تۆرانیستەکانی ئەو شارە بەرنامەیەکی هەلپەرستانەی بۆ بەتورك کردنی وڵات ڕێکخست، پاشان گەڕایەوە ناوەندی حزب لەسالۆنیك.

ئەو کاتەی کەلە ڕێ و ڕەسمێکی سەربازیدا ئامادە نەبوو بڵێ: " بژی سوڵتان"، لەبەرهەندێ هۆکار دارکاری کرا تا ڕادەی مردن، بۆیە هەوڵیدا خۆی بکوژێ، پاشان لەباشی بەختەکەی ڕزگاری بوو، دواتر هەڵوێستەکانی سەختتر کرد. بەم شێوەیە ضیاء کوك ئالب بوو بەبونیاتنەری ئایدۆلۆژیای پان–تۆرانیزمی تورکیاو هەر بەهۆی (ضیاء کوك ئالب)ی تیۆرسینی هەستی نەتەوایەتی وئامانجی نەتەوایەتییەوە پان–تۆرانیزمی تورکیا داڕێژرا.

کوك ئالب کتێبێکی نووسی کە لە دووبەش پێکهاتبوو: بەشێکی تیۆری لەژێر ناوی (گەوهەری تورکچێتی) و بەشێکی تری پراکتیکی بەناوی (بەرنامەی تورکچێتی). ضیاء کوك ئالب کاتێ باس لەنەتەوەپەرستی دەکات، هەوڵدەدا (میللەتی تورك) پێناسە بکات، بەباوەڕی ئەو (ئۆغۆزەکان) واتە تورك وتورکمان یەك ڕۆشنبیری هاوبەش (ڕۆشنبیریی تورکی)یان هەیە، بۆیە تورکن، تورك و خۆرەکان لەئازەربایجان وخۆراسان وناوچەکانی دیکەی ئێران وەك تورکانی عوسمانی پاشماوەی (ئۆغۆزخان)ن لەڕابردوویەکی زۆر دوورنا، ئەم کۆمەڵانە، واتە نەتەوەکانی ئۆغۆزخان بەهاوکاری کردنی یەکتری دەژیان.

ضیاء کوك ئالب بۆ سیاسەتی تورك، ئامانجێك لەسێ قۆناغدا دەست نیشان دەکات:

ئامانجی نزیك: تورکچێتی، ئامانجی مام ناوەندی: ئۆغۆزچێتی، دوائامانج: پان–تۆرانیزم. ئەوەش دەزانێ کەفیاسۆنی ئیمپراتۆریەتی تۆران (سێوێکی سوور)ی درەختێکە تەنیا لەدونیای خەوندا هەیە، بەڵام ئیدیعای دەکات: "واقیعییەتەکانی ئەمڕۆ بەرئەنجامی خەونەکانی دوێنێیە"و" ئامانجەکان هەمیشە ئەنگێزەیەکی بەهێزن، هەرچەندە لەقۆناغی خەونیشدا بمێننەوە"(42).

هەروەها ضیاء كوك ئالب خەریكی لەقالبدانی (ئاین) بووە بۆ چەند ئامانجێكی سیاسی و پێی وابووە (نەتەوە) ناتوانێ باز بەسەر (سروش)ی ئایندا بدات، بەم پێیە لای وابوو بیرێكی سۆز هەلگر هەر بەشیعر دەردەبڕدرێت. ئیسماعیل بێشكچی ڕۆشنبیری تورك ودۆستی كورد ڕاستی وتووە، كاتێك بنەڕەتی (تێزی تورك لەمێژوودا)ی داوەتە پاڵ ئەم كابرایە(43) .

لەڕاستیدا ضیاء كوك ئالب بەیەكێك لەپایە هەرە گرنگ وسەرەكیەكانی بیری تۆرانیزم ودامەزران و گەشەسەندنی بزاڤی تۆرانیزم دادەنرێ، چونكە هەوڵ وكۆششی كوك ئالب، جۆرێك لەبوێری وجورئەتی پێوە دیاربوو، جگە لەوەش بەردەوامی و كۆڵنەدان لەسەر ئەو بیرو بۆچوونانە، زیاتر پاڵنەر بوو بۆ بەرەو سەركەوتن ڕۆیشتنی ضیاء كوك ئالبو لایەنگرانی بیری تۆرانیزم، ئەوەی گرنگ بێت لەباسكردنی ژیان و خەباتی ضیاء كوك ئالب دا ئەوەبوو، كە بەڕەگەزو نەژاد كورد بووە لەهۆزی زازا، بەڵام بەداخەوە ئەو ژیانی خۆی بۆ خزمەتی نەتەوەكەی كە كوردبوو تەرخان نەكرد، لەكاتێكدا ئەو سەردەمە كێشەی كورد پێویستی بەدڵسۆزێك هەبوو، بەڵام كوك ئالب نەك هەر دۆستایەتی بۆ نەتەوەكەی دەرنەبڕی، بەڵكو نكوڵی لەهاوڕێ بوونیشی دەكرد لەشیعرەكانیدا.



**یوسف ئاقچۆرا**

**" دەبێ تورکەکان لەعەرەبەکان جیاببنەوە هەرچەندە زووش ئەو کردارە جێبەجێ بکرێ، ئەوا تورکەکان زووتر دەتوانن دەوڵەتی عوسمانی بکەنە دەوڵەتێکی تورکی "**

## يوسف ئاقچۆرا : ( * )

ئـــەم كەســـايەتيە يـــەكێكی تـــر بـــوو لـــەو تيۆرســـينانەی بـــيری تـــۆرانيزم، كەبەنووسينەكانی توانی ئەم هەستە بخاتـە نێـو دڵـی لايەنگرانيـەوە، ئاقـچۆرا يـەكێك بووە لەدامەزرێنەرانی كۆمەڵەی (ترك درنكی) كەلە ساڵی (1908ز) دامـەزراو ئاقـچۆرا لەتوركەكانی ڕوسيايەو لەشـاری پـاريس ئاشـنای پرەنـسيپەكانی نەتـەوەيی تـۆرانيزم بووە لەسەردەستی (بەكرێ گيراوە فەرەنسيەكان)[44] .

يوسف ئاقچۆرا لەوتارێكدا بەناوی (زيندووبوونەوەی دوای مـەرگ هەقـە) بەئاشـكرا بيرۆكەی پان–عوسمانيزم ڕەتدەكاتەوەو دەنووسێ: " دەبێ توركەكان لەعەرەبـەكان جيابىنـەوە هەرچـەندە زووش ئـەو كـردارە جێبـەجێ بكـرێ، ئـەوا توركـەكان زووتـر دەتوانن دەوڵەتی عوسمانی بكەنە دەوڵەتێكی توركی" [45] .

دوای ئەوەی (ئـەدەبی ئەيـديلی)[**] بزاڤێكـی سياسـی لـەنێو ديـارترين كەسـايەتييە ڕۆشنبيرييەكانی تەتەر دروست كرد، يوسف ئاقچۆرا يەكێك بوو لـەوان، ئـەوان لـەدەوری ڕۆژنامــەی (ييلــدز) كەلەلايــەن (مەقــسودوف)ەوە دەردەچــوو، كۆبوونــەوەو تێكۆشــان بۆئــەوەی ئاســتی زانيــاری ڕۆشــنبيران بەرزبكەنــەوەو ئامانجــەكانی پــان–تــۆرانيزم

---

( * ) يوسف ئاقچۆرا: نوسەرو ڕێبەرێكی سياسی بووەو لەناوچەی (ئەيديل)ی دەوروبـەری ڤۆڵگـا لـەدايك بـووە , خوێنـدنی لەئاسـتانەو پاشـان لەپاريس تەواوكردووە , لەساڵی 1904ز , بووە بەئەندامی حزبی (كاديت)ی ڕووسی , لەگەڵ (ئەياز ئيسحاتۆف). لەسـاڵی (1908ز) , وەك پەيامنێری ڕۆژنامەی (وەقت)ی چاپی (قازان) چووە وڵاتی توركيای عوسمانی و لەوێ مايـەوە , وردەوردە بـوو بەدامەزرێنـەرو تيۆرسـينی پـان–تۆرانيزمی سياسی.

( ** ) ئەدەبی ئەيديلی: بريتی بوو لەقۆناغێكی ئەدەبی تەتەر , لەساڵی (1895ز)ەوە دەستی پێكـردووە , ئـەم ئەدەبـە بۆتـەو قـاڵبێكی ئـەزموونی دروست كردو پان تۆرانيزمی تێدا خولڤاند. لەم سەردەمەدا ژمارەيەكی زۆر نوسەرو شـاعير تێدەكۆشـان , ئـەو شـتەی پێـی دەوتـرێ (هەسـتی نەتەوايەتی–نەژادی) بەتايبەت كەدوای شۆڕشی ساڵی (1905ز) لەڕوسيا , بەبڵاوكردنەوەی بەرهەمی ميللی و نيشتمان پەروەری پەرەی گرت , بوروژێنن , ئەو بەرهەمانە هەموو شتێكيان لەخۆگرتبوو , ئاينی , شيعر , چيرۆك , شـانۆگەری , مێـژوو , زمانـەوانی , (ئـەياز ئيـسحاتۆف)ی پەخشان نووس و (تەگاييف)ی شاعير باشترين نوێنەری ئەو قۆناغە ئەدەبيەن.

بڵاوبکەنــەوە، ئاقــچۆرا دیــارترین کەســایەتی نێــو ئــەم گروپــەبوو کەتیۆرســین بــوو، بەشێوەیەك لەلایەك پــان–تــۆرانیزمی وەك تیۆرێکــی سیاســی خــاوەن بەرنامــە داڕشــت ولەلایەکی تریش، لەڕێی جێبەجێکردنیدا تێدەکۆشا.

ئاقچۆرا لەوتارێکدا بەناوی (سێ سستێمی سیاسی) کەلـەگۆڤاری (تـورك)ی چـاپی قاهیرەی ساڵی (1900ز) بڵاوکردەوەو ئەو هێڵە سیاسیەی کەدەبوایە لـەو دەمەیـدا پەیڕەوی بکەن، دیاری کرد [46].



**موئیز کوهین ( تەکین ئالب )**

**" واژەی تۆران دەربڕینێکی سیاسی نیە، بەڵکو تەنیا وەکو ئیتالیایە کەگومان دەکرێ ناوێکی جوگرافی بێت، تۆرانیش بەم شێوەیە ناوێکە بۆ یەکێتی تورکانی جیهان کەڕۆژێك دادێ وەدی دێت "**

## موئیز كۆهین (تەكین ئالب، موئەنیس ئالب): (*)

ئەم كەسایەتیە ئەگەرچی بەڕەگەز جولەكە بوو، بەڵام ڕۆڵێكی یەكجار گەورەو پڕ كاریگەری بینیوە لەبرەودان بەبیری تۆرانیزم، كۆهین لەشاری سالۆنیك (دۆنمە) ژیاوە، وبارەگای گشتی كۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی هەر لەشاری سالۆنیك بووە، كۆهین فێرگەی مافی تەواوكردبوو، دوو نازناوی بۆخۆی هەڵبژاردبوو جگە لەناوەكەی خۆی، ئەوانیش بریتی بوون لە (تەكین ئالپ و موئەنیس ئالپ)، ئەوەش بۆئەوەبوو نەوەك هەستەوەری خوێنەرانی عوسمانی بەگشتی وتوركە موسوڵمانەكان بوروژێنێ، بۆیە لەنوسیندا ناوی خۆی بەكارنەهێناوە، جگە لەتاكە كتێبێك لەو كتێبانەی كەبەزمانی توركی بڵاوی كردوونەتەوە لەگەڵ چەند وتارێكی كەم، تەنانەت زۆربەی زۆری خوێنەرانی كە وتارەكانیان دەخوێندەوە، وایان دەزانی موسوڵمانێكی عەرەبە (47).

پاش ئەوەی ئیتیحادییەكان دەسەڵاتیان گرتە دەست و (مەشروتیەت) یان ڕاگەیاند، كۆهین دەستی كرد بەنوسین بۆ ڕۆژنامەی (ڕۆم دەیلی)، كەجولەكەیەكی

(*) موئیز كۆهین: لەساڵی (1883ز) لەدایك بووە ، فێرگەی مافی تەواوكردووە ، پێشتر لەساڵی (1905ز) وەكو ئەندامێكی سەرەكی و بیرمەندێك چووە ڕیزی كۆمەڵەی گشتگیركردنی زمانی توركی ، وەك ئەندامی شەرەفیش لەكۆمەڵەی (تورك ئوچاغی) هەڵبژێردرا. لەنێوان ساڵانی (1914–1918) وەك مامۆستا لەكۆلیژی ماف لەئەستەمبوڵ دەست بەكاربوو , لەساڵی 1922 گواستیەوە بۆ ئەنقەرەو لەبواری ڕۆژنامەگەری و توتندا كاری كرد ، لەساڵی 1946 گەیشتە ئەنجومەنی هەرێمی پارتی گەلی كۆماری بۆ شاری ئەستەمبوڵ ، لەساڵی (1948ز) ، جەژنێكی زیوین سازكرا بۆ ئەو نوسەرانەی پەنجا ساڵیان لەڕاژەی ڕۆژنامەوانی توركدا بەسەربردووە وسێ كەس بوون كە كۆهین یەكێكە لەوان، لەساڵی (1950ز) جارێكی تر پارتی ناوبراو كۆهینی كردەوە بەنوێنەری ئەنجومەنی نەتەوە. لەجیاتی شاری ئەستەمبوڵ ، لە (27) سێپتەمبەری (1961ز) كۆهین مرد.

شاری دۆنمە دەریدەکرد بەناوی یونس نادی، هەروەها بۆ ڕۆژنامەی (ئیتیحادو تەرەقی)یش شتی دەنوسی، کەئیتیحادیەکان دەریان دەکرد، کۆهین ئەرکی ناساندنی بزاڤی ئیتیحادو تەرەقی خستە ئەستۆی خۆی لەڕۆژنامەو بەلاڤۆکە ئەوروپاییەکاندا، چونکە لەپاڵ زمانی عیبری و تورکیدا، چەند زمانێکی ئەوروپیشی دەزانی، ئەمەشی بەوتارێك دەستپێکرد، بەزمانی فەرەنسی لەژێر ناونیشانی (تورکەکان بەدوای گیانێکی نەتەوایەتیدا دەگەڕێن)، لەساڵی (1912ز) لە(مێرکوردی فرانسس) بڵاوی کردەوە.

کۆهین بەشداربووە لەنەخشەکێشان و داڕشتنی پلانی سیاسەتی ڕەگەزپەرستانەی تۆرانیزم، کە کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی پەیڕەویان دەکردو، مایەی تێکچوون وپچڕانی پەیوەندی نێوان تورکان وهەموو گەلانی تری قەڵەمڕەوی دەوڵەتی عوسمانی بوو، لەبارەی سیاسەتی ئیتیحادو تەرەقی، کۆهین سێ کتێبی نوسیون:

1. دەبێ تورکان لەم جەنگەدا چی قازانج بکەن؟
2. تۆران.
3. سیاسەتی تورکاندن.

هەروەها کۆهین پشکی لەڕاژەی هزری کەمالیشدا هەبووەو کتێبی (کەمالیزم)ی نوسیوە، لەگەڵ کتێبی (گیانی تورکی) کەمێژووی فراژووبوونی ڕەگەزی تورکی تێدا تۆمارکردووە [48].

هەندێکی تر بڕوایان وایە کەکۆهین پێنج کتێبی نووسیبێت وزۆرشتی گرنگی تێدا باس کردوون، دەکرێ پوختەی ئەو کتێبانە لەچەند دێڕێکدا بەرجەستە بکەین، کتێبەکانیش ئەمانەن:

1. دەبێ تورکان لەم جەنگەدا چی قازانج بکەن؟ لێرەدا مەبەستی جەنگی یەکەمی جیهانیە وناوی ڕاستەقینەی خۆی لەسەر نووسیوە، لەم کتێبەدا دەربارەی

ویژدانی نەتەوەیی وڕابوونی نەتەوایەتی دەدوێ لەگەڵ باسی چەمکی نەتەوایەتی نوێ وباسی تورکەکانی ئازەربایجان وقەفقاس دەکات. هەر لەم کتێبەدا کۆهین دۆڕاندنی عوسمانیەکان لەجەنگی یەکەمی جیهانیدا بۆ نەبوونی هەستی نەتەوایەتی دەگێڕێتەوە و دەڵێ: " پێویست وخوازراوترە سەرجەم تورکانی تر یەکدی بگرن لەپێناو باڵابوونی ڕەگەزی تورکی، مادام هێشتا ئەم ڕەوت وئەم بیرزایە گەشەیان نەکردووە وفراوان نەبوون، ئەستەمە تورکە عوسمانیەکان بیانکرێ ژیارێکی تازە بئافرێنن کەلەمێژە بەتەمان بەرایی بکەن" [49].

2. تۆران : کۆهین ناوی خۆی لەسەر دانەناوە، بەڵکو بەناوی (تەکین ئالپ)ەوە بڵاوی کردۆتەوەو لەم کتێبەدا چەمکی نەتەوایەتی تورکی تۆرانی و ئامانجەکانی دەناسێنێ، کۆهین دەبێژێ: " واژەی تۆران دەربڕینێکی سیاسی نیە، بەڵکو تەنیا وەکو ئیتالیایە کەگومان دەکرێ ناوێکی جوگرافی بێت، تۆرانیش بەم شێوەیە ناوێکە بۆ یەکێتی تورکانی جیهان کەڕۆژێك دادێ وەدی دێت" [50].

لەشوێنێکی دیکەی ئەم کتێبەدا دیسان دەڵێ: " تۆران بە دەجاران لەئەنادۆڵ گەورەترە، تۆران دەژین، بەڵام لەژێر چنگوڕی چین و پۆستاڵی ڕوساندا دەژی، تۆران دیل و بەندکراوە، تۆران زەبوون و ستەم لێکراوە! گەورەترین زەبوون کردنی نەتەوەی تورکیش لەوەیدایە کە تۆران ئاوا جێبهێڵرێ، یەکەمین و پیرۆزترین هەر تورکێك پەی بەئەرکی نەتەوایەتی خۆی ببات، ئەوەیە کەخێرا وەهانای تۆران بچێت".

ئەم کتێبە کاریگەری دیاری لەسەر ئەفسەرانی کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی وەك جەمال پاشا هەبووە، ئەنوەر پاشاش لەم کاریگەرییە بەدەر نەبووە، چونکە کاتێك لەمیانەی جەنگی یەکەمی جیهانی وەزیری شەڕبوو، ڕووی سوپاکانی بەئاڕاستەی ڕزگارکردنی نێوچەی تۆراندا وەرگێڕا [51].

3. سیاسەتی تورکاندن : ئەم کتێبە لەئەستەمبوڵ دەرچووە لەساڵی (1928ز)، بریتیە لە (12 وتار) و بەناوی (تەکین ئالپ)ەوە بڵاوی کردۆتەوە، لەم کتێبەدا کۆهین گوزارشتی لەهزری خۆی کردووە دەربارەی دۆزی تورکاندنی ڕەگەزە ناتورکەکانی دەوڵەتی عوسمانی، ئەمەش بەر لەمێژووی بڵاوکردنەوەی سیاسەتێکی ئیتیحادییەکان بوو، ئەم سۆراخی هەندێ بابەت دەکات وەك: (ئەرکی بەتورکاندن – بنچینەکانی تورکاندن ومەبەستی تورکاندن وسودەکانی – کێ تورکیە؟ – کێشەی کەمایەتیە ناتورکەکان ..........). کۆهین ئەو شتانە دەخاتە ڕوو کەپێشکەشی ئیتیحادو تەرەقیەکانی کردووەو لەدە ئامۆژگاریدا کەئاڕاستەی جولەکەکانی کردووە، دەڵێ: " وەکو تورکان ناوی تورکی بۆ خۆ دانێن، جولەکان بەتورکی بدوێن–لەگەڵ تورکان تێکەڵ بن" (52) .

4. کەمالیزم : کۆهین ئەم کتێبەی لەساڵی (1936ز) نوسیوە، لەئەستەمبوڵ و هەر بەناوی (تەکین ئالپ)ەوە بڵاوی کردۆتەوە، کۆهین دەڵێ: " کەمالیزم بزوتنەوەیەکی سەربەخۆیە، پەیوەندی بەو بزاڤە نەتەوایەتیەوە نییە کەپێشتر سەری هەڵداوە، چونکە یەکەم کردەی کەمالیزم، بڕیاریدا، بریتی بوو لەدوورکەوتنەوە لەئاین". دیسان دەڵێ: " لەکارخستنی خەلافەت دەروازەی قۆناغێکی نوێی لەبەردەم کەمالیزم ئاوەڵاکرد، لەڕاستیشدا لەپێش دەسپێکی بونیاتنان و بەر لەپرۆسەی ئافراندنی نیشتمانێکی نوێ و نەتەوەیی دوو کۆسپی ترسناك ڕێگەیان گرتووە کەئەوانیش بریتین لە: سەڵتەنەت وخەلافەت". هەروەها کۆهین لەشوێنێکی تری کتێبەکەدا لەژێر ناونیشانی ((باحکومەتی شەریعەت بڕوخێ)) دەڵێ: " گەلی تورك ناچار بوو لەژێر کاریگەری ئەو یاسا ئاینی وشەرعییانەدا بژی، کەلەبیابانی وڵاتی عارەبان هەیە، ئەمەش مایەی دوورکەوتنەوەیە لەڕوناکبیریی خۆرئاوا" (53) .

5. کتێبی گیانی تورکایەتی : ئەم کتێبە لەساڵی (1944ز)، جارێکی تریش بەناوی (تەکین ئالب)ەوە لەئەستەمبوڵ دەرکردووە، مەبەستی کۆهین هەروەك خۆی دەڵێ لەم کتێبە بریتی بوو لەڕوونکردنەوەی سیفەتە ڕوشتی وگوزارەییەکانی ئەو گیانە تورکانەیەی توانی گەلێك ئیمپراتۆریەتی مەزن بئافرێنێ. کۆهین لەم کتێبەدا پاساوی نەتەوەیی ومێژوویی بۆ هەندێ کردەوەی کەمالیزم هێناوەتەوە، وەکو پایتەخت هەڵبژاردنی ئەنقەرەو عەلمانیەت بەڕێبەر وەرگرتن، ئەوەش دەڵێ کە: " ڕێبیری عەلمانیەت، ڕێبیرێکە تەواو لەگەڵ ڕژێمی سیاسی و کۆمەڵایەتی تورکە کۆنەکانی پێش ئیسلامدا جووتە، تورکانی کۆن لەهیچ کات و سەردەمێکیاندا گرنگیان بەئاین نەداوە" [54] .

ئەو چەند پەرەگرافانەی پێشوو بریتی بوو لەدەربارەی ژیان و ڕۆڵی موئیز کۆهین لەبایەخدان بەبیری تۆرانیزم و کارکردن بۆ بەرەو پێش بردنی لەچوارچێوەی بزاڤێکی بەرفراواندا، تەنانەت هەندێکی تر ئەم کەسایەتیە بەرز دەنرخێنن، بەشێوەیەك (ڕینیە بلینۆ) دەڵێ: " موئیز کۆهین ئەفرێنەری بیرزاری نەتەوەیی تۆرانیزمە لەدەوڵەتی عوسمانیدا وکتێبی (تۆارن)ی کۆهین، بریتیە لەکتێبی پیرۆزی سیاسەتی تۆرانیزم". هەروەها (وینستۆن چەرچڵ) لەیادەوەرییەکانیدا دەربارەی جەنگی یەکەمی جیهانی ئەوەی نووسیوە کە: "تاکە سەرچاوەو ژێدەرێ بۆ تۆژینەوەو زانینی هەڵوێستی دەوڵەتی عوسمانی، ئەو کتێبەی موئیز کۆهین بووە کەلەساڵی (1914ز) بەناوونیشانی (Turkizmus and Panturkizmus) "[55].

(نیازی بەرکەس)یش کەمامۆستای زانکۆی ماکگڵ بووە لەکەنەدا، لەکتێبێکی دا بەناوونیشانی (هاوچەرخێتی لەتورکیا) دەڵێ: " جولەکە ئەوروپیەکان و جولەکە نێوخۆییەکانی دەوڵەتی عوسمانی، لەهەردوو سەدەی نۆزدەیەم وبیستەم دا، ڕۆڵێکی

ڕسکاویان لەلەنگەرگرتنی ڕەوتی نەتەوایەتی تۆرانیزمدا هەبووە، زانا جولەکەکان لەخۆرئاوا وەکو رۆملی دێڤیدو لیۆن کاهون‌و ئێر مێنیوس فامبری، جولەکەکانی نێو خۆی دەوڵەتی عوسمانیش نموونەی وەکو قەرە صوو موئیز کۆهین و ئەبراهام گالانتی پەلیلین" (56) .

# باسی دووەم:

## ( ڕۆڵی کۆمەڵەو ڕێکخراوەکان لەپەرەسەندنی بیری تۆرانیزمدا)

### 1- کۆمەڵەی تورکە لاوەکان (ترکیا الفتاة) :

لەکۆتاییەکانی فەرمانڕەوایی سوڵتان عەبدولمەجیددا ناکۆکی و بەرهەڵستکاری لەڕیزی هەندێ لە ڕۆشنبیراندا دەرکەوت، ئەم دژایەتی و سکاڵاو ڕەخنەگرتنە بەردەوام بوو لەڕیزەکانی ئەو کەسانەی کەناوی (جون تورک=تورکیای لاو)یان لەخۆیان نابوو، کەدواتر بوو بەناوی نهێنی کۆمەڵەکەیان لەسەردەمی سوڵتان عەبدولعەزیزدا.

هەندێك لەمێژوونووسان نکوڵی لەبوونی پەیوەندی ڕێکخستن دەکەن لەنێوان ئەندامەکانی تورکیای لاودا. بۆ نموونە مێژوونووس (سامی پاشازادە حسن بەگ) دەڵێ: " ئەو کۆمەڵەی کە پێی دەڵێن (تورکیای لاو) پەیوەست نەبوون بەڕێکخستنێکی زانراوەوە، بەڵکو کۆمەڵێك لاو بوون کەدژی سیاسەتەکانی (بابی گەورە-باب العالی) بوونەتەوە، یاخود دژی سیاسەتی دەرەکی دەوڵەت بوونەتەوە، ئەم لاوانە لەچاپخانەی ڕۆژنامەی (تەسویر ئەفکار) کۆدەبوونەوە کە (شناسی) دایمەزراندبوو، لەگەڵ قوتابییەکەیدا کە (نامیق کەمال) بوو، بیروڕایان دەگۆڕییەوەو لەیەکترییان وەردەگرت بۆ ڕەخنەگرتن لەحکومەت" [(57)] .

لەسەر هەموو ئەندامێك بوو کەڕەخنە لەحکومەت بگرێت ودژی بوەستێتەوە، هەروەها جۆرێك لەڕێکخستن لەنێوان ئەندامە دیارەکانی ئەم کۆمەڵەدا کاتێك دەرکەوت و ئەوکات دەستی پێکرد، بەتایبەت دوای کۆبوونەوە یەك لەدوای یەکەکان

کەبەنهێنی دەبەستران لەشوێنە جیاوازەکاندا، کەهەندێ لەو کۆبوونـەوە تابـەیانی ڕۆژ دەبوویەوە بەردەوام دەبوو.

لەگرنگترین ئەندامەکانی تورکیای لاو: (شاعیر نامیق کەمال، ضـــیاء پاشـا(*)، ئاکـاه ئەفەنـدی(**) و عــەلی ســواعی(***) ،...بــوون، دواتــر گــرنگترین کــەس کەپەیوەنــدی پێوەکردن، ئەویش وەلی عەهد ئەمیر (موراد) بوو، کاتێـك نـامیق کـەمال و ضـــیاء بـەگ (دواتـر بـوو بەپاشـا) لەقەسـرەکەیدا لـە (قوربغـەلی درە) دەسـتیان بەکۆبوونـەوە کـرد تـاوەکو بـەیانی، قـسەکانیان زیـاتر دەربـارەی ئـازادی و دەسـتور بـوو. لەسـەرەتادا چالاکییان کورت کرابوویەوە لەبوارەکانی بڵاوکردنەوەو کۆبوونەوە نهێنیەکانـدا کەتیایـدا بێزارییان دەردەبڕی و داوای گـۆڕینی سـوڵتان عەبدولعـەزیزیان دەکـرد، کەبارودۆخەکـە باش ببێت، لەیەکێك لەکۆبوونەوەکانیاندا بڕیاری تیرۆرکردنـی هەنـدێ وەزیریانـدا، بـەڵام پێش ئەنجامدانی ئەو کارە، ئاشکرابوو، هەروەها نامیق کـەمال و ضـــیاء بـەگ و ئاکـاه ئەفەنـدی ڕایـان کـرد بـۆ پـاریس، لـەوێ عـەلی سـواعیو مـستەفا فـازڵ پاشـا(****)

(*) ضیاء پاشا (1825–1880ز): بەدامەزرێنەری (ئەدەبی تەنزیمات) دادەنرێت , لەگرنگترین کتێبەکانی (ظەفەر نامە و مێـژووی ئەنـدەلوس و دیدگا) یە.

(**) ئاکاه ئەفەنـدی (1832–1885ز): بەدامەزرێنـەری یەکـەم ڕۆژنامـە دادەنرێـت لـە (20)ی تـشرینی یەکـەمی سـاڵی (1860ز)دا , بـەناوی (تەرجومانی ئەحوال) , کاتێکیش وەزارەتی پۆستەی لەساڵی (1861ز) گرتە دەست یەکەمین پولی پۆستەی تورکی دارێژرا.

(***) عەلی سواعی (1838–1878ز): نوسەرێکی تورکی بووە , بەنوسینی گوتاری ڕەخنەگرانە دەستی پێکردووە لەو بارودۆخە , لەڕۆژنامەی (المخبر) ساڵی (1866ز) و دواتر نەفی کراوە بۆ (قەستەمونی) و لەوێ ساڵی (1869ز) ڕای کردووە بۆ ئەورووپاو لەشاری لەندەن ڕۆژنامـەی (مخابر)ی دەرکردووەو لەشاری پاریس ڕۆژنامەی (علوم)ی دەردەکرد , پاشان لەساڵی (1876ز) گەڕاوەتەوە بـۆ وڵاتەکـەی و سـەرکردایەتی هێرشێکی کردووە بۆسەر کۆشکی (جیرانمان) , کاتێ سوڵتان–ی بەرکەنارکراو (موراد)ی زینـدانی لێبـووە , بـۆ گەڕاندنـەوەی بـەرەو تـەختی دەسەڵات , بەڵام لەو هێرشەدا کوژراوە.

(****) مستەفا پاشا (1830–1875ز): برای ئیسماعیل پاشا (خدێوی) بووە , کاتێك ئیسماعیل پاشـا دەکرێتـە والی میـسر سـاڵی (1863ز) جێگرەکەی صەدری ئەعزەم (فوئاد پاشا) بووە , کاتێکیش ڕێسای ویلایەتی گۆڕی , ئەویشی دەکرد لەپۆستی وەلی عەهدی , لەجێگەیـدا کـوڕە گەورەکەی ئیسماعیل پاشا بوو بەوەلی عەهـد , هـەروەك نازنـاوی ئیـسماعیل پاشـا لـە (والی) یـەوە گـۆڕا بـۆ (خـدێوی) وسـەری کێـشا بـۆ دوورخستنەوەی لەویلایەتی عەهدو ڕقی بۆ دەسەڵات و دواجار ڕووی کردۆتـەوە کۆمەڵـەی تورکـە لاوەکـان و ئەندامـەکانی یارمـەتییان داوە بەهاوکاری مادی گەورە , بەتایبەت کاتێك کەلەتاراوگە بووە.

(کەبەڕەچەڵەك میسری بوو) پێوەندییان بەیەکەوە کردەوەو لەپاریس دەستیان کرد بەهەڵمەتێکی ڕۆژنامەگەری توندوتیژ دژی سوڵتان ودژی ئەو بارودۆخەی کەبەرپاببوو (58).

ئەم کۆمەڵەیە لەبەرئەوەی زۆربەیان لەخوێندنگەکانی ئەوروپا، خوێندنیان تەواوکردبوو، هەروەها زۆر کاریگەری شارستانێتی ئەوروپایان لەسەربوو، داوای گۆڕینی زۆر شتیان دەکرد، لەدەوڵەتی عوسمانیدا، هاوکات بەردەوام بوون لەچالاکییەکانیاندا. لەلایەکی ترەوە پەیدابوونی خوێندنگەی عەلمانی وبڵاوبوونەوەی چاپخانەو باوسەندنی وەرگێڕان ڕۆڵێکی زۆری هەبوو لەپەیدابوونی چینێکی نوێ کەناونرا بە (نوخبەی نوێ)، کەئەم نوخبەیە موفەکیرو ڕۆژنامەوان و... تاد، لەخۆگرتبوو.

جێگەی سەرنجە ئەم چینە بیروبۆچوونی وایان هەبوو کەدواتر لەهەموو کۆڕو کۆبوونەوە عوسمانیەکاندا دەوترایەوە، وەك (نیشتمان، نەتەوایەتی، سەربەخۆیی نیشتمانی وپاراستنی زمانی نەتەوەیی) وشتی تریش، کە تا ئەوکاتە ئایدۆلۆجیای پان عوسمانیزم نزیك بوو لەدەسەڵاتەوەو لەئاراشدابوو.

یەکێك لەو بیرمەندانە ضیاء کوك ئالب بوو، بەڕاشکاوی گوزارشتی لەوەکرد کەگرنگە ئاین لەدەوڵەت جودا بکرێتەوە. لەم ڕووەشەوە ژنە نوسەری تورك (خالدە ئەدیب) لەیادداشتەکانیدا بەڕوونی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە" دەوڵەتە ئەوروپاییەکان بیرۆکەی مۆدێرنیان بۆ تورکیا دەستەبەرکردو گیانێکی نوێیان لەئەدەبیاتی نوسەرانی تورك پەیداکرد". لەسۆنگەی ئەمەشەوە شۆڕشی تورکیای لاو تاڕادەیەك بەسەرکەوتنی ئینتجنسیای بیرۆکراتی مۆدێرن بەسەر کۆشکدا دادەنرێت (59).

پاش فراوان بوونی چالاكی وجموجۆڵی توركە لاوەكان وبەتایبەت پاش ئەوەی ڕۆشنبیرە عوسمانیەكان، ساڵی (1909ز) دەسەڵاتیان گرتەدەست، ئیتر تیۆرەی تۆرانیزم بوو بەو بناغەیەی كە ناسیۆنالیزمی توركی لەسەر بونیات نرا [60].

سەرچاوەیەكی تر لەمبارەیەوە دەبێژێ كەلەمانگی تەمموزی ساڵی (1908ز) دا، توركە لاوەكان كودەتایەكیان بەرپاكرد، ئەم كارە بەدڵی ئینگلیزەكان بوو، كوردیش ئەو كودەتایان بەڕۆچنیەك زانی كەتیایدا خۆری ئازادییان بگاتێ. (د. بلە ج شێركۆ) دەڵێ: "خەڵكی بەهەموو مانای وشە چاوەڕوانی ئەوەبوون كەلەسەر دەستی نەوەكانی مەغۆل دەوڵەتێكی دیموكرات وهاوچەرخ دامەزرێت"، بەڵام هەر مانگەكانی دوای كودەتاكە دەنگی ناڕەزایی لەنێو كوردەكان بەرزبوویەوە، چونكە توركە لاوەكان لەچەوساندنەوەو جەورو ستەم زیاتر، هیچێكی وایان بۆ كورد پێ نەبوو، پاش ماوەیەكی كەم ئەو ڕۆژنامانەش داخران كەلەلایەن كوردەوە دەردەچوون، هاوكات پرۆسەی ڕاگواستنی دانیشتوانی كوردی توركیا بەرەو وڵاتی ئێران بەرەو زیاتر دەچوون [61].

دەكرێ لێرەشدا ئەوە بخەینە ڕوو كەهەریەكە لە وڵاتانی فەرەنسا و ئینگلیز كاریگەرییان هەبوو لەسەر ئەم كودەتایەو بەئەنجام گەیاندنی وهاوكاری ئەو كەسانەش بوون كەهەستان بەم ڕووداوە، بەتایبەت ئەو كەسانەی كەنەخشەی كودەتاكەیان بەئەنجام گەیاند، واتە سەركردەكانی ئەو كودەتایە پێكهاتبوون لەمانەی خوارەوە:

1. حسێن عەونی پاشا، وەزیری جەنگ.
2. ڕوشدی پاشا، سەدری ئەعزەم (سەرەك وەزیران) كەناسرابوو بە وەرگێڕ.
3. مەدحەت پاشا.

4. ئەحمەد پاشا، وەزیری دەریایی.

5. سلێمان پاشا، وەزیری قوتابخانە سەربازییەکان.

6. مستەفا شەریف پاشا، سەرۆکی حامیەی ئەستەمبوڵ، هەروەها بیروڕا وایە کە (موراد)ی وەلی عەهدیش لەگەڵ (خیرالله ئەفەندی) کەپلەی (شیخ الاسلام)ی هەبوو زانیارییان لەسەر کودەتاکە هەبوو بێت، چونکە وەلی عەهد لەسەر تەختی دەسەڵات بێدەنگ دانیشتبوو، شێخ الاسلامیش فەتوای لابردنی سوڵتانی لەگیرفانی دانابوو چاوەڕێی کاتژمێری سفری دەکرد [62].

هەر چۆنێك بێت توانیان سوڵتان لابەرن لەسەر تەختی دەسەڵات (لێرەدا بوار نیە درێژەی ئەو پلانەو نەخشەی سەرگرتنی کودەتاکە بخەینە ڕوو، بۆئەم مەبەستە بڕوانە کتێبی (السلطان عبدالحميد الثاني، حياته و أحداث عهده، نوسراوی أورخان محمد علی)، لا (60–75).

لەشوێنێکی تردا (ولیام بولك) دەڵێ: " کاتێك لایەنگرانی تورکە لاوەکان گەیشتنە دەسەڵات دەستیان کرد بەمومارەسەکردنی سیاسەتی تۆرانچێتی وتورکچێتی لەسەر شێوەی زۆر توند کەپێشتر بەهیچ شێوەیەك، هیچ سوڵتانێکی عوسمانی لەسەردەمی فەرمانڕەوایەتیدا ئەو سیاسەت و هەوڵەی پیادە نەکردبوو"[63]، ئەم کۆمەڵەیە دواتر ڕۆڵی گەورەتریان هەبوو لەبەر کەنارکردن و لابردنی سوڵتانەکان و پێکهێنانی تورکیای کۆماری دا.

## 2- كۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی:

پێدەچێت كۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی هەر لەئەندامەكانی كۆمەڵەی توركە لاوەكان پێكهاتبێ، چونكە سەرەتا توركە لاوەكان بەشێوەی چالاكی ڕۆشنبیریی كاریان دەكردو ڕێكخستنێكی زانراویان نەبوو، بەڵام دواترو بەتایبەت لەساڵی (1908ن) بەدواوە، ناوی ئیتیحادو تەرەقی هاتە ئاراوەو لەچوارچێوەی حزب وپارتی تەنزیمی و سیاسی، كەوتنە كاركردن، لەسەر هەمان كارو چالاكی توركە لاوەكان– نوسەر–.

(د. ئەحمەد نوری ئەلنعێمی) لەپێشەكی كتێبەكەیدا دەبێژێت: " یەكێك لەو هۆكارانەی كەدەوڵەتی عوسمانی لاواز كردو بارودۆخێكی نالەباری بۆ خوڵقاند، بوونی ئەو باڵوێزخانە خۆرئاواییانە بوو كەلەئەستانەدا هەبوون و هەڵدەستان بەیارمەتیدانی حزبە سیاسیەكانی توركیا، بۆگەیشتن بەئامانجەكانیان لەپشتی ئەو هەوڵ ویارمەتیدانەیانەوە، بۆ نموونە یارمەتیدانی حزبی ئیتیحادو تەرەقی كەناسرابوو بە (توركە لاوەكان) كەڕۆڵێكی گرنگیان هەبوو لەكۆدێتاكەی ساڵی (1909ن)دا، دژی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم" (64). بەڵام هەندێ بیروڕای تر جیاوازتر لەم بۆچوونەی سەرەوە دەربارەی سەرەتاكانی ئەم حزبە قسە دەكەن وپێیان وایە كە: لە 21ی مایسی (1889ن) قوتابیەكی ئەلبانی بەناوی (ئیبراهیم تیمو) كەلەقوتابخانەی پزیشكی سوپایی سوڵتان دەیخوێند لەگەڵ هەندێ لەقوتابیەكانی هاوڕێیدا كۆبۆتەوەو پێشنیاری بیرۆكەی دامەزراندنی كۆمەڵەیەكی نهێنی كردووە، بۆ بەركەناركردنی سوڵتان عەبدولحەمید، ئەگەر هاتوو لەو قوتابییانەی كەیەكەم تۆوی كۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی بوون، بەڵام كۆمەڵەكە لەژێر ناوی كۆمەڵەی (تەرەقی وئیتیحاد)دا بوو، بەم بۆنەیەوە، بیروڕای ئەوەش لەئارادایە كە ڕێكخراوی (ماسۆنیەت)ی جولەكە،

بزوێنەری سـەرەکی بـووبن لـەم بـوارەدا، چـونکە ئـەوان لەناکۆکییـەکی قووڵـدا بـوون لەگەڵ سولتان عەبدولحەمید دەربارەی فرۆشتنی زەوی فەلەستین پێیان– نوسەر–.

(د. أرنست–أ. رامروز) لەکتێبی (ترکیة الفتاة وثورة 1908)دا دەڵێت:

" ڕێکخستنی کۆمەڵەی تەرەقی و ئیتیحاد لەسەر شـێوەی کۆمەڵـەی (کاربۆنـاری) ئیتالی بووە، کەلەبەشی یەکەمی سەدەی نۆزدەدا پێکهاتبوو، ئیتر لەپـشووی هـاوینی سالی پێشوودا (تیمو) لە برندیزی گیرسایەوە، کەئـەو لەڕێگـەی گەڕانەوەیـدا بـوو بـۆ وڵاتەکـەی کـە ئـەلبانیا بـوو، لـەو ماوەیـەدا کەلەبرنـدیزی و نـاپۆلی بـووە، سـەردانی مەحفـەلی ماسـۆنیەکانی کـردووە، بەهاوڕێیـەتی هـاوەڵێکی و شـتێکی بـاش فێربـووە لەڕۆڵی (کاربۆناری) لەمێژووی ئیتالیادا وکاریگـەربووە بەڕێکخـستنیان ودواتـر بڕیـاری داوە، کەلە تورکیا کۆمەڵەیەکی نهێنی دابمەزرێنێت". دامەزرێنـەری کۆمەڵەکـە لەسـەر دەستی ماسۆنیە ئیتالییەکان ڕاهێنرابوو لەکاتی بەستنی کۆبوونەوەکانیدا (خولیەکان) ولەهەڵبـژاردنی دەسـتەی بـەڕێوەبردن، ڕێگـەی ماسـۆنیەکانی گرتۆتەبـەر. لەکەسـە سەرەکیەکانی لایەنگری ئەم بیرۆکەیەش (ئیسحاق سکوتی و شەرەفەدین مـەغمومی و عەبدوڵلا جەودەت و محەمەد ڕەشید چەرکەسی بوون) [65].

بیروڕایـەکی تـر دەڵێـت: " دوای دروسـت بـوونی پـشێوی لـەناوخۆی دەوڵـەتی عوسمانیـدا لـەنێو گروپـە فیکرییەکـەی پاریـسدا، مەدحـەت پاشـا وەك ڕیفۆرمیـستێك وەدەرکەوت و لەسالی (1876ز) دەستورێکی دانـاو نـاوی لێنـا دەسـتوری عوسمـانی وبانگەشـەی (دادگـەری ویەکـسانی و برایـەتی) کـرد لـەنێو گـەلانی ئیمپراتۆریەتـدا، لایەنگرانی مەدحەت پاشا داوایـان لەسـولتان عەبدولحەمیـد کـرد (1876–1909ز)، کەبەگوێرەی دەستوری عوسمانی کاروباری وڵات بەڕێوەببات، بەڵام سولتان پەیڕەوی ئەو دەستورەی نەکردو هەوڵیدا لایـەنگرانی دەسـتورەکەش دەسـت بەسـەردا بگرێت،

لـەئاكامی ئـەو هەوڵـەدا ململانـێ و ڕكابـەری سـەری هەڵـدا لـەناوەوەو دەرەوەی ئیمپراتۆریـەتی عوسمانیـدا. ڕێكخـراوی نێـو ئـەو ململانێیـەش كۆمەڵـەی (ئیتیحـادو تەرەقی) بوو، ئـەو ڕێكخـراوە هـەر لەسـەردەمی سوڵتان عەبدولعـەزیزەوە (1861-1876ز) وەك ڕێكخراوێكـــی ڕۆشـــنبیری لـــەدایك ببـــوو، لەتـــەمموزی (1865ز) ڕێكخراوەكـــە یەكـــەم كـــۆنگرەی (دامەزرانـــدن)ی بەســـتووە، بـــەڵام لەســـەردەمی فەرمانڕەوایی عەبدولحەمیددا قـاڵبێكی سیاسـی وەرگرتـووە، لەسـاڵی (1889ز)، (د. عەبـدوڵڵا جـەودەت) لەگـەڵ سـیان لـەهاوڕێكانی كـە: ئیـسحاق سـكوتی دیاربـەكری و ئیبراهیم تیمو و محەمـەد ڕەشـید چەركەسـی بـوون، ڕێكخراوێكـی سیاسـییان بـەناوی (یەكێتی عوسمانلی) بـەنهێنی پێكهێنـاوە، هـەر ئـەو ڕێكخـراوە سیاسـییە دوایـی بـوو بەئیتیحادو تەرەقی. لەلایەكی تر لەئابی (1899ز) تەلعەت پاشا كەنامەبەری پۆسـتە بوو لەگەڵ حەوت كەس لەهاوڕێیانی، یەكەم شانەی كۆمەڵەی (ئیتیحادو تـەرەقی)یـان لەشـاری سـالۆنیك دامەزرانـد، لـەدەرەوەی ئیمپراتۆریـەتی عوسمـانیش، ئـەو بـەرە بەرهەڵـستكارییەش لـەپاریس گیرسـابوونەوە، بـەهاوكاری مـاددی و مەعنـەوی ناسیۆنالیستە فەرەنسیەكان وجولەكەكانی دژ بەعەبدولحەمید، ڕێكخراوێكی سیاسـیان بـەناوی (ژون توركـەكان-توركـە لاوەكـان) دامەزرانـد. هـەردوو بـەرەی ڕكابـەرێی عوسمـانی، دەرەوەو نـاوەوە، دوو كـۆنگرەی گـشتیان گرێـداو جـەختیان لەسـەر ڕوخانـــدنی دەســـەڵاتی عەبدولحەمیـــدو دامەزرانـــدنی حكومـــەتێكی دەســـتوری لەئیمپراتۆریەتدا كردەوە" (66).

كۆنگرەی یەكەم لەساڵی (1902ز) و ئەوی تر لەساڵی (1907ز) بووە، لە(27)ی ئەیلولی (1907ز) ئەحمەد ڕەزا بەگی باڵی چەپی ئیتیحادیەكان، لەگەڵ (سزائی بەگ) دۆسـیەی پـەیمانێكی دوو قۆڵییـان مـۆركرد. بـەپێی بڕیارەكـانی ئـەو پەیمانـە دەبـوو

(کۆمەڵـەی عوسمـانلی=تـەرەقی وئیتیحـاد) کەلـەپاریس بـوو، کۆمەڵـەی (عوسمـانلی حوریـەت) کەبارەگاکـەی لەسـالۆنیك بـوو، یـەکبخرێن و کۆمەڵەیـەکی نـویێ بـەناوی کۆمەڵەی (عوسمانی تەرەقی وئیتیحاد) دابمەزرێنن، ئامـانجی سـتراتیژی ئـەو کۆمەڵـە نوێیە، ڕوخاندنی حوکمی تاکڕەوی عەبدولحەمید وکارکردن بوو بـەگوێرەی دەسـتوری عوسمانلی (مەدحەت پاشا) (67). هاوکات بیروڕایەکی تر ئەوە دەڵێت کە: " ڕێکخراوی ژون تورکەکان، ئەگەر بەشێك نەبووبێت لەکۆمەڵەی ئیتیحادو تـەرەقی، ئـەوا حزبێکـی سیاسی نزیك بەو ڕێکخراوە بووە"(68).

پـاش هـەوڵ و تەقـەلاکانی ئـەو ڕێکخراوانـەی کەباسـکران، ڕاپـەڕین لەشـاری (سـالۆنیك)ەوە دەسـتی پێکـردو بـوو بەسـەرەتای دەسـتپێکردنی نەخـشەی ئیتیحادیـەکان، کاریگـەری بیرۆکـەی دەستورخوازی ئیتیحادیـەکان نـەك هـەر سوپا، بەڵکو توانیبووی بگاتە نێو ئەنجومـەنی وەزیـرانیش، لەکۆبوونـەوەی (9)ی تـەممورزی (1908ز)ی ئەنجومـەنی وەزیـران دەردەکـەوێ کـەناکۆکی هـۆڵی ئەنجومـەنی وەزیرانیـشی گرتۆتـەوە، ڕەزا پاشـای فەرمانـدەی لەشـکری عوسمـانی بـەرگری لـەداخوازی ئازادیخوازەکـان–ئیتیحادیـەکان–دەکـرد. هەرچـی ئیسماعیل پاشـا بـوو هەڕەشـەی لـەدەمکوتکردنی ئیتیحادیـەکان دەکـرد، ڕاپـەڕین شـاری ئەستەمبوڵیـشی گرتـەوە، ڕۆژنامـەکان هـەواڵی دەسـت لەکارکێـشانەوەی وەزارەتـی فەریـد پاشـاو دامەزراندنی سەعید پاشایان بڵاوکـردەوە (69). لـەژێر ئـەو گوشـارە توندەدا سـوڵتان عەبدولحەمید بەناچاری لە (24)ی تەمموز ئامادەیی دەربڕی کـەکار بەدەسـتورەکەی مەدحەت پاشا بکات، بەڵام کار لەکار ترازابوو، دەستور هەر دەسـتوری ئیتیحادیـەکان بوو، هەرچی عەبدولحەمید بوو، ئەوا تاسالی (1909ز) هەروەك (سـوڵتان)ێك لەسـەر کار مابۆوە، بۆیە ئیتیحادیەکان بەشێوەیەکی دەسـتوری لەڕێگـەی ئەنجومـەنی پـیران

ونوێنەرانەوە لـە (27)ی نیـسانی (1909ز) سـوڵتان عەبدولحەمیـدیان لەکارخـست و (محەمەد ڕەشید) کرایە خەلیفەیەکی گوێڕایەڵی ئیتیحادیەکان [70] .

بەم پێیە سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم لەکار لابراو دوور خرایەوە بـۆ-سـالۆنیك-کەشوێنی لایەنگرانی ئیتیحادو تەرەقی بوو، پاشان لەکاتی جەنگی یەکەمی جیهانیـدا، گواسـتیانەوە بـۆ ئەسـتەمبوڵ بەدەستبەسـەری ودواسـاتەکانی ژیـانی لەکۆشـکی (بیلەربی=بەگلەربەگی)دا بردەسەر.

ئیتیحـادو تەرەقییـەکان ترسـناکترین ڕۆڵیـان بینیـوە لـەفراوانکردن وبـرەودان بەبیرۆکـەی تـۆرانیزم، سـەردەمانێك تـۆرانیزم لـەنێو گـەلانی موسـوڵمانی نێوچـەی قەفقاس وتەتەرنشینەکان سەری هەڵدا وتاسـەردەمانێکی زۆریـش ئـەو مۆرکـەی هـەر پێوە مابوو، بەڵام بەهاتنە ئارای ئیتیحادیەکان و پاش بەرکـەنارکردنی عەبدولحەمیـد، ئیتر کەوتنـە پیـادەکردنی سیاسـەتێکی دوالیزمـی و لـەنێوان هـەردوو بیرۆکـەی (پـان عوسمـانیزم و پـان-تـۆرانیزم)دا خولیـان دەخـوارد، بەتایبـەت دوای کۆدێتاکـەی (1908ز) ئەمەش دوو هۆکار لەپشتیەوە بوونی هەبوو:

یەکەم: ڕێکخراوەکە زۆربەی گەلانی نێو ئیمپراتۆریەتی وەك (تورك، کورد، عەرەب، چـەرکەس، ئەرمـەن و جولەکـە)ی لـەخۆ کۆکردبـۆوە، هـەر بۆیـە نـەدەکراو دژواربـوو کەشـێوەیەکی ناسیۆنالیـستی تـورکی ڕووت وەربگیرێـت، هاوکـات بانگەشـەی بەدەستورکردنی دەوڵەتیان دەکرد. لەڕاستیدا ئەمـە جۆرێك بـوو لـەتاکتیکی سیاسـی سەرانی ئیتیحادیەکان و چەواشەکردنی ئـەو گەلانـەی تـر کـەناتورك بـوون و تەنانـەت هەندێکیان ئایدۆلۆژیایەکی ئیسلامیان هەبوو، بۆئەوەی ئاشکرا نەبن کەدەیانەوێ تێزە تۆرانیەکانی خۆیان پیادە بکەن و نەتەوەکانی تر لێیان هەڵبگەڕێتـەوە، چـونکە تـازە

کۆدێتاکەیان ئەنجامدابوو، دەترسان سەرکەوتوو نەبن لەڕاکێشانی هەست و سۆزو لایەنگری ئەو نەتەوانە بەرەو لای خۆیان–نوسەر–.

هۆکاری دووەم: دەسەلآتی ناوەندی ڕێکخراوەکە زیاتر لەژێر دەستی دەسەلآتە عەلمانیەکان و نەتەوە غەیرە موسوڵمانەکاندا بوو، لێرەش ئەستەم بوو ڕێکخراوەکە، مۆرکێکی ئیسلامی بەخۆوە بگرێت. دەکرێ ئەوەش بڵێین کەحکومەتەکەی ئینقلابیەکان–حکومەتی ئیسلامی دەوڵەتیەو ناسیۆنالیستی هاورد–وبوو [71]. هەوڵدان بۆ زیندووکردنەوەی دەوڵەتی عوسمانی و پاراستنی مافی هەموو نەتەوەکان تاماوەیەکی زۆر وجودی هەبوو، کەئەم تێزە فیکرییە دەچووە ژێر بیرۆکەی–پان–عوسمانیزم–ەوە، ململانێی نێوان هەردوو بیرۆکەی (پان–تۆرانیزم و پان–عوسمانیزم) بەردەوام بوو لەنێو کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقییەکاندا، تەنانەت ئیتیحادیەکان پێش گرتنە دەستی دەسەلآتیش، هەر ئایدۆلۆژیای خۆیان شاردبوویەوە لەپان–عوسمانیزم، مەسەلەی پان–عوسمانیزمیش هەریەکە بەجۆرێك لێی دەڕوانی، بەهەردوو ڕووەکەیەوە، دیسان هەر لەبەرژەوەندی باڵی شاراوەی پان تورکیزمدا بووە، چونکە لەنێو باڵی پان–عوسمانیزمدا دوو ڕەوتی سیاسی جیاواز هەبوون:

–گروپی یەکەم: دەیویست دەوڵەتی عوسمانی بگۆڕن بەدەوڵەتێکی فیدراڵی و هەموو گەلانی ئیمپراتۆریەت لەحکومەتەکەیدا بەشداربن. هەر سێ دروشمە مەرکەزییەکەش بریتی بوون لە: (دادگەری، یەکسانی، برایەتی) بەپێ گوێدانە جیاوازی ئاین و مەزهەب و نەتەوەیی لەحکومەتەکەدا بەرجەستە بکرێن. (د. عەبدوڵلا جەودەت) ڕابەری ئەو تەرزە فیکرییەی دەکرد، (د. عەبدوڵلا) بەو ئەفکارانەی ببووە هیمدادی سیاسی تورکە لاوەکان و گروپی ئیتیحادو تەرەقی و بیرە ئومەمییەکەی عەبدوڵلا جەودەت ئیسلامی نەبووە، بەڵکو زیاتر بیرێکی ماتریالیستی (مارکسی)

بووه، بەبڕوای پرۆفیسۆر (شەریف ماردین)، عەبدوڵڵا جەودەت لەپێشەوەی ئەو کەسانە بووە کەبیری ماتریالیستی نامۆ بەواقعی گەلانی ئیمپراتۆریەت بڵاوکردۆتەوە، باڵێکی تری پان–عوسمانیزم، کە کەسانی وەك (موراد بەگ)ی باڵی ڕاستی ئیتیحادیەکان ڕابەری دەکرد، داوای دەوڵەتێکی یەکگرتووی عوسمانی دەکرد، بەڵام بەمەرجێك ئیسلام ئاینی دەوڵەت بێت.[72] ئەگەر واقیعییانە بۆ ئەم باڵە بڕوانین هەست دەکەین زیاتر باڵێکی ناسەرکەوتوو بوون، واتە هەرچی ئەم ڕەوتەیە لەنێو بزاڤی ئیتیحادیەکان کاتێك بوو دروشمەکانی (دادگەری، یەکسانی، برایەتی)یان بەرز دەکردەوە کەپاڵپشتێکی سیاسی و جەماوەری کارا لەگۆڕەپانی سیاسی ئەو سەردەمی تورکەکان لەلایەك و سەرجەم گەلانی تری ناتورك ئەگەرچی موسوڵمانیش بوون. لەئارادا نەمابوو، چونکە تا سەردەمێك سوڵتان عەبدولحەمیدو باقی سوڵتانەکانی تری عوسمانیەکانی تریش کەمابوون، نەیانتوانیبوو، خواست و مافە نەتەوەییەکانی ئەو نەتەوانە جێبەجێ بکەن، هەروەك نەشیان توانیبوو یەکڕاست بنەماکانی ئاینی ئیسلام وەکو خۆی پیادە بکەن، دەرهەق بەمافی ئەو نەتەوانەو چاکسازی ئەنجامدان و کاروبارەکانی تری دەوڵەت، بۆیە لەبەردەم هەیمەنەی بیری پان–تۆرانیزمدا نەیتوانی لەواقیعدا خۆی ڕابگرێت.

هەرچی گروپی پان–تورکیزمیش بوو، کەباڵی سەرەکی ئیتیحادیەکان بوو، نەتەوەپەرستی توندڕەوی وەك (ئەحمەد ڕەزا)ی نوێنەری باڵی چەپی کۆمەڵ و تەلعەت پاشای سەرۆکی کۆمەڵەو نوێنەری مەدەنییە ڕووناکبیرەکانی تورك و ئەنوەر پاشا و جەمال پاشای نوێنەری عەسکەرییەکانی لەخۆ گرد کردبۆوە. ئەم گروپە

کەداینــەمۆی ئایــدۆلۆژیای ســەرەکی و ســتراتیژی دووری (ژۆن تورکــەکان) بــوون، دەیانووت: " ئێمـە تـورکین، قیبلـەی ئێمـە تۆرانـە "، بۆیـە دەبیـنین لەکۆتاییـدا ئـەم ڕەوتەیان سەرکەوتنی بەدەست هێنـاو گۆڕانکـاری گـەورەی دروسـت کـرد لـەناوەوەی تورکیـاداو بەشـێوەیەکی کـرداری کەوتـە پیـادەکردنی سـتراتیژیەتی تـۆرانیزم و هـەر ساڵێك دوای کۆدێتاکەی تەمموزی (1908ز) ماهیەتی تورکایەتی خۆیان ئاشکرا کردو کەوتــە گــرتن و ڕاوەدونــانی ســەرانی پــان عوسمــانیزم و بزوتنــەوە نەتەوەییــە ناتورکییەکان، بـەجۆرێك لـەدوای شـەڕەکانی بـەڵقان، لـەئاکام جیابوونـەوەی نەتـەوە ناموســوڵمانەکان وەك یۆنانیــەکان و مەکدۆنیــەکان، بــەجارێك شــۆڤێنیزمی خۆیــان هەڵڕشت، کوردو ئەرمەن بەخۆیان و وڵاتەکەیان کەوتنە بەر شاڵاوی توندو تیژی پان-تورکیزم [72].

لێرەدا پێویستە ئەوە بخەینە پێش چاو کە ئیتیحادو تەرەقییـەکان، پـێش ئـەوەی پەردە لەسەر عەقڵیەت و سیاسەتە تۆرانچێتیەکانی خۆیان لابدەن، کەسێکی وەکو (ژەنەڕاڵ شەریف پاشا)ی نوێنەری کورد لەکۆنگرەی پاریس (1919ز)، بەنهێنی و بۆ دۆزینــەوەی ڕێگـە چـارەیەك بـۆ کێـشەی کـوردو پەیـداکردنی دۆسـتایەتی پەیوەنـدی کردووە بەئیتیحادو تەرەقییەکانەوە، ئەویش کاتێـك بـووە کـە شـەریف پاشـا بـاڵوێزو نوێنەری دەوڵەتی عوسمانی بووە لەسوید، بێ ئەوەی دەوڵەتی عوسمانی پێ بزانێـت، نامە دەگۆڕێتەوە لەگەڵ (د. عەبدوڵڵا جەودەت) بەنهێنی.

ساڵانی (1903-1904ز)، ئەحمەد ڕەزا، کەیەکێك بووە لەسـەرکردەکانی حزبـی ئیتیحـادو تـەرەقی، کاتێـك دەچـێتە سـتۆکهۆڵم بـۆ کـاری دژایـەتی کردنـی دەوڵـەتی عوسمانی، چاوی بەشـەریف پاشـا دەکـەوێت و دواتـر بـە(موختـار بـەگ)ی سـکرتێری شــەریف پاشـا ئـەم هەواڵـە دەگەیەنێتــەوە بەسـوڵتانی عوسمـانی وپــەردە لــەڕووی

پێوەنـدی شـەریف پاشـا بەئیتیحادیەکانـەوە هەڵـدەماڵێت. سـوڵتانی عوسمـانی داوا دەکات لەشەریف پاشـا کەئەحمـەد ڕەزا بگرێـت وتەسـلیمی بکاتـەوە، بـەڵام شـەریف پاشا ئەم کارە ناکات و پێوەندی سوڵتان عەبدولحەمیـدی عوسمـانی و شـەریف پاشـا بەرەو کزی دەڕوات و گومانی بەرامبەر پەیدادەبێت، بۆیە سـوڵتان فـەرمانی دەرکـرد، کەچیتر نابێت شەریف پاشا بگەڕێتەوە بۆ ئەستەمبوڵ وپێویـستە لەسـوید بمێنێتـەوە (74).

بەڵام مانگی (9)ی ساڵی (1908ز) کاتێك گەنجە تورکـەکان (ئیتیحـادو تـەرەقی) بەسەرۆکایەتی ئەنوەر پاشاو تەلعەت پاشـاو جـەمال پاشـا جڵـەوی حـوکمی دەسـتور لەدەوڵـەتی عوسمانیـدا دەگرنــە دەســت، هــەلێك بــۆ شــەریف پاشــا دەڕەخــسێت کەبگەڕێتــەوە بــۆ ئەســتەمبوڵ و لــەڕۆژی (25/ 9/ 1908ز) لەگــەڵ ئــەمین عــالی بەدرخان و شێخ عەبـدولقادر شـەمزینی و دامـاو ئەحمـەدو زولکـەفل پاشـا، کۆمەڵـەی (کـورد تـەعالی وتـەرەقی جەمعیـەتی) دادەمـەزرێنن، سـەرەڕای ڕۆڵـی کاریگـەری ئـەم ڕێکخـراوە کوردییـە، بـەڵام لـەمانگی (12/ 1908ز)دا، حکومـەتی ئیتیحادیـەکان، ڕێکخـراوە کوردییەکـەی (کــورد تعــاون وترقــی جمعیــەتی) دادەخــات، هــەروەك (عەبدولعەزیز یامولکی)یش لەکتێبەکەیدا، ئاماژە بەم ڕاسـتیە دەکـات، شـەریف پاشـا کەتا ئەم ساڵەش خۆی بەهەوادارو لایەنگرێکی ئیتیحادیەکان دەزانـی، سـەبارەت بـەم هەڵوێستە تۆرانچێتیەیان دەرهەق بەکورد، لێیان هەڵدەگەڕێتەوەو دژیان دەوەسـتێت، لەمانگی (1/ 1909ز) دا، میانە و پەیوەنـدی نێـوان شـەریف پاشـا و ئیتیحادیـەکان تێکدەچێت، لەسـەر ئـەوە ئیتیحادیـەکان ڕازی نـابن، شـەریف پاشـا لـەدواتردا ببێتـە باڵوێزی دەوڵەتی تورکیا لەپاریس.

لەناوەڕاستی (1909ز)دا، شەریف پاشا حزبێك بەناوی (حزبی ڕادیکاڵی عوسمانی) دژ بەحکومەتی ئیتیحادیەکانی تورکیا لەشاری پاریس دادەمەزرێنێ و لە (15/ 10/ 1909ز)دا گۆڤارێك بەناوی (مشروتیەت) کەئۆرگانی حزبەکەی خۆیەتی، لەپاریس بڵاودەکاتەوە [75] .

لەڕاستیدا ئەگەر سەیری جۆری ئەو پەیوەندی بەستنەی شەریف پاشا بکەین، هەست بەوە دەکەین کەشەریف پاشا لەگەڵ باڵێکی نێو کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقیدا پەیوەندی بەستووە کەباڵی (د. عەبدوڵڵا جەودەت) بوو، ئەم باڵە دەکرێ بڵێین لایەنگری کەم بوو، چونکە ئامانجیان جارێکی تر زیندووکردنەوەو هێشتنەوەی دەسەڵات و شکۆی دەوڵەتی عوسمانی بوو، لەڕێگەی خەباتکردن بۆ بیرۆکەی پان عوسمانیزم و گەڕانەوەی دەسەڵاتی سیاسی بۆ سوڵتان، لەکاتێکدا لەڕووی جەماوەری و ناوەندی بڕیاردانی سیاسیشەوە لەنێو ئیتیحادیەکاندا پێگەیەکی بەهێزیان نەبووە، بەڵکو گروپ و باڵی پان–تۆرانیستەکان زیاتر بڕیاریان بەدەست بوو، هەروەك ئایندەی ڕووداو گۆڕانکاری و وەرچەرخانە سیاسیەکەش لەدەوڵەتی عوسمانیدا هەر بەلای ئەواندا شکایەوە، ئەمەش مەبەست ئەوە نیە کە شەریف پاشا نەیزانیبێت، ئەوەندەی دۆستایەتی و پەیوەندی بەستن بووە لەگەڵ باڵێکی لاوازی نێو کۆمەڵەی ئیتیحادیەکاندا. ڕەنگە لایەنێکی تری ئەو پەیوەندی بەستنەی شەریف پاشاش نزیکی فیکری ئاینی شەریف پاشا بووە لەگەڵ باڵی د. عەبدوڵڵا جەودەت دا، جگە لەوەش ڕەنگە پاڵنەرێکی تر ئەوە بووبێت کە (د. جەودەت) و چەند کەسانێکی تری ئەو باڵە بەڕەچەڵەك کورد بووبن، بەڵام لەڕاستیدا هەموو ئەوانە دەرەنجامی خەباتەکەیان بۆ تورك و ناسیۆنالیستەکانی تورك مایەوەو نەیانتوانی شتێك بۆ کورد بکەن.

کۆمەڵەی ئیتیحادیەکان وردەوردە دوای جێگیربوونی دەسەڵاتیان پرۆگرامەکەیان پیادەکردو هەستی تۆرانچێتی و تورکچێتی بەتەواوەتی ڕەنگی دابوویەوە، تەنانەت حزبی ئیتیحادو تەرەقی لەکۆنگرەی (1911ن) خۆیدا، ئەم بەلاغەی پەسەندکرد کەلەخوارەوە دەقەکەی هاتووە ودەڵێت: " ئیمپراتۆریەت سیمای ئیسلامی بەخۆوە دەگرێت، ڕێزگرتنی دەزگاو بەها ئیسلامیەکانی دابین دەکرێن، نابێت مافی هەبوونی ڕێکخستن بەو نەتەوانەی دانیشتووی ئیمپراتۆریەت بدرێت کەژمارەیان کەمە، زمانی تورکی باشترین هۆکارە بۆ جێگیربوونی دەسەڵاتدارێتی ئیسلامی و یەکسان کردنی ڕەگەزە نێوخۆییەکان".

ئەم بەلاغە دوو واقعیەتی نیشان دەدا ، یەکێکیان: لەبەرچاو گرتنی هۆکاری ئیسلام، کەئیتیحادو تەرەقی لەدژی خۆی دەپاراست تائەو سەردەم و دەیویست سودی لێ وەربگرێت بۆخۆی.

دووەمیان: بڕیاری بەتورکی کردنی نەتەوەکانی دانیشتووی ئیمپراتۆریەت بوو کەبە(ژمارەیەکی کەم) دانراون، ئاشکرایە کەزمانی تورکی هۆی گواستنەوەی دەسەلاتدارێتی تورکە نەك دەسەڵاتدارێتی ئیسلامی، بەڵام مەبەست لە نەدانی مافی خۆڕێکخستن بەنەتەوەکانی تر، هەڵوەشاندنەوەی مافی کەمایەتییەکان بوو، کەتا ئەو سەردەم درابووە نەتەوە مەسیحیەکان، هەر لەو کۆنگرەیەدا کەبەلاغەکەی ڕاگەیاندبوو، سێ بونیاتنەرو ڕێبەری مێژووی پان تۆرانیزم بەئەندامێتی (بنکەی گشتی) خۆی هەڵبژارد، ئەوانیش (ئیسماعیل گەسپە رینسکی، عەلی بەگ حوسێن زادەو یوسف ئاقچۆرا) بوون، جگە لەمە ناوەندی پان—تۆرانیزم بێدەنگ لەشاری سالۆنیکەوە گواسترایەوە بۆ ئەستانە [76] .

هەروەها ئیتیحادیەکان سلّیان لەهیچ شتێکی تر نەکردەوە کەبەناوی خۆیانەوە بیکەن، لیژنەی (حزب–دەولّەت) لەسالّی (1913ز) بەدواوە نەك هەرخۆی بەکەعبەی ئازادی[*] دەژمارد، بەڵکو بەتاکە زامنکەری مانەوەی نەتەوەی تورك و دواجار بەو هێزە سیاسیە دەبێت کەناتوانێت دەست بەرداری دەسەڵات ببێت. ئەو بەهرە تۆرانچێتیە کەلەنێوان سالآنی (1903–1908ز) لەزەینی تورکدا جێگیربووە لەلایەکەوە، کوشتاری دەستە جەمعی دانیشتوانی ئەرمەن لەسەروبەندی یەکەمین جەنگی جیهانیدا، لەلایەکی دیکەوە، بەشێوەیەکی تراژیدی سەلماندیان لەوانەیە، ببێتە هێزی داینەمۆی مێژوو، بەڵام نەتەوایەتی ئیتیحادی نەیتوانی خۆی لەئیسلام دابڕێت، بەڵکو لەماوەی یەکەمین جەنگی جیهانیدا وەك ئامرازێك بەکاری هێنا، چونکە تێڕوانینی یۆتۆپیانەی ڕێبازی نەتەوایەتی ئیتیحادیەکان، لەڕووی داگیرکردنی وڵاتانەوە، تەواو دەرکی بەسروشتی وەهمی (قەوارە)ی نەتەوەیی کردبوو. ئەو بیروڕایانە سەرەتای سەرهەڵدانیان بوو، تایبەت بوون بەدەولّەت کەبریتی بوو لەدەزگایەکی پێشڕەوو سەرکوتکەرو بەرجەستەکەری چاکترین تورك. دەولّەت ڕاسپێردرا بوو، ئەرکی خولّقاندنی نەتەوەی تورك تەواو بکات و پاشان دوورایییەکی گەردوونی هەمە لایەنە بداتە تورك، چونکە دامەزراندنی نەتەوە مەرجێکی بنچینەیی گەیشتن بوو بەهەمە لایەنەیی وگەردوونخوازیی (الشمولیة والکونیة) [77].

ناکرێ لێرەدا بە دوورودرێژی باس لەهەولّە تۆرانیزمیەکانی ئیتیحادیەکان و هەڵگران و پەیڕەوکارانی فیکری پان–تورکیزم دەرهەق بەگەلی کورد بکەین، هێندە

---

[*]) کەعبەی ئازادی: مەبەست لێی شاری (سالۆنیك=سلانیك) بوو , کەمەڵبەندی جۆشدانی بزوتنەوەی تۆرانیزم بوو , هاوکات شوێنی جولەکەکانی دۆنمە بوو , کەتەنها بەڕووکەش موسولّمان ببوون وهانی هەموو کارێکیان دژ بەدەولّەتی عوسمانی بەتایبەتی دەدا , تەنانەت (کەمال ئەتاتورك) لەم شارە لەدایك بووەو لەلایەن جولەکەکانی ئەم شارەوە پەروەردە کراوە , لەگەڵ زۆرێك لەسەرکردەو ڕابەرەکانی بزاڤی تۆرانیزم.

هەیە بوترێ لەم دەرفەت و باسەدا ئەوەیە کەئیتیحادیەکان لەساڵی (1909ن) سوپاو هێزێکی چەکداری گەورەیان ناردە سەر ناوچەی بارزان. شێخ عەبدولسەلامی بارزانی هەر لەساڵی (1907ن)ەوە لەبروسکەیەکیدا بۆ (بابی عالی) لەئەستەمبوڵ داوای کردووە کەلەناوچەکەیدا زمانی کوردی و فێرکردن بەزمانی کوردی، بەشێوەی ڕەسمی بڕیاری لەسەر بدرێت، بەڵام ئەم داواکارییەی شێخ لەدادگای ئەستەمبوڵ بەکارێکی جوداخوازیی لەقەڵەم درا، هەربۆیە لەکۆتایی ساڵی (1907ن) تاکو سەرەتای (1908ن) سوپای عوسمانی هەموو گوندەکانی ناوچەی بارزانی سوتاندوماڵەکانی تالانکردو خەڵکەکەشی بەرەو زیندان ڕاپێچ کرد. شێخ عەبدولسەلام لەساڵی (1913ن) جارێکی تر لەناوچەکەدا دەستی بەکاری خۆی کردەوە، هەر بۆیە (سلێمان نەزیفی) لێپرسراوی ویلایەتی موسڵ فەرمانی گرتنی دەرکرد، بەڵام خۆشبەختانە ئەمجارەش توانی خۆی ڕزگاربکات، لەکۆتایی (1914ن) شێخ بەخۆی و پاسەوانەکانی بەدەستی (سۆفی عەبدوڵڵا) ناوێك تەسلیم بەسلێمان نەزیفی دەکرێت و فەرمانی لەسێدارەدانیان بۆ دەردەچێت و ئەو فەرمانە لە (14/ 12/ 1914ن) جێبەجێ دەکرێ، بەڵام سەرچاوەیەکی تر پێی وایە کە ئەو فەرمانە لەکانوونی دووەمی (1915ن) جێبەجێ کراوە [78]. دەشێ بیروڕای دووەم ڕاستر بێت –نوسەر–.

دیسان سەبارەت بەکوشتاری ئەرمەن و کورد لەلایەن ئیتیحادیەکانەوە، ئەوا ترسناکترین کوشتاریان لەکوردو ئەرمەن کردو ئەو کۆمەڵکوژییەی دوو نەتەوەی وەك کوردو ئەرمەن خۆی لەخۆیدا گوزارشت بوو لەماهیەتی فراوانخوازی و ڕەگەزپەرستی نەتەوایەتییانەی بزوتنەوەی تۆرانیزم، چونکە ئیتیحادیەکان باوەڕیان وابوو کەدەبێت تۆرانیەکان بەزۆری چەك هەموو جیهان بخەنە ژێردەستی خۆیانەوە.

ڕۆژنامەکانی ڕوس لەبارەی بەکۆمەڵ کوشتنی ئەرمەنیەکان نووسیویەتی: " ... شاری وان نەکەسێکی زیندووی تێداماوەو نەخانوویەکی بەپێوە ماوە، لەشاری بەدلیسدا هەژدە هەزار ئەرمەنی لەمردن تەنیا (300–400) ژن ومندالی ئەرمەنی ڕزگاریان بووە، لەشاری موش ئەو سێ گوندەی دەوروبەری کە بیست وپێنج هەزار ئەرمەنی لێ دەژیان، پاش ڕەشە کوژییەکەی کەتیایدا کرا، تاکە کەسێکی لێ ڕزگار نەبووە " ، سەبارەت بەکوردیش، بەرنامەیەکیان دانا، کەهەرچی کوردە لەوڵاتی خۆیانەوە بۆ وڵاتی تورك ئاوارەو بڵاوبکرێنەوەو بەمەرجێك ژمارەی ئەو دوورخراو و گوێزراوانە لەهەر شارێکی تورکیدا زیاتر نەبێت لە (5٪)ی دانیشتووانە تورکەکان، لەئاکامی ئەو کردارە شۆڤێنیە تورکچێتیەدا (500) هەزار کورد گیانیان لەدەست دا و (700) هەزاریش بەزۆری بۆ ئەنادۆڵ ڕاگوێزران، بەشێکی زۆر سەرمای زستان کوشتی وبەشێکی تریشی پێش ئەوەی بگەنە شوێنی بۆ ڕاگوێزراو تورکەکان کوشتنیان. لەماوەی شەش حەوت مانگی یەکەمی جەنگدا لەسەرجەمی (12) هەزار کەس لەباکوری کوردستان نزیکەی (8) هەزار کەسیان مردوون– سەرەڕای ئەو کوشتارو دزی و جەردەیی و تاڵانیەی کەلەشاری سلێمانی و دێهاتەکانیدا ئەنجامیاندا، دەستە دەستە لاوانی کورد ئەکران بەنیشانەو بەدەستدرێژی سەربازی تورك دەکوژران [79] .

بەمجۆرە هەڵوێستی تۆرانچێتیانەی ئیتیحادیەکانمان لەچەند دێڕێك و نموونەیەکی کەمدا بینی، بەڵام جگە لەوەی کەبەناوەڕۆك گەورەبوون، ئەوا لەلایەکی ترەوە بوون بەبزوێنەری بیرۆکەی تورکچێتی لای تورکەکان و دواتریش بوو بەبنەمایەکی گرنگ بۆ بیرکردنەوە لەڕزگارکردنی ئەوەی کەدواتر پێی وترا (تورکیا) لەکاریگەری و ئاسەوارەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی.

ئەگەرچی تۆرانیزم و بزوتنەوەکەی بەهۆی جەنگی یەکەمی جیهانییەوە لێدانێکی کوشندەی بەرکەوت، کەدەوڵەتی عوسمانی (پیاوە نەخۆشەکە) لەجەنگدا دۆڕاندی و شکستی هێناو میراتی دەسەڵات و دەوڵەتەکەی لەلایەن دەوڵەتە سەرکەوتووەکانی جەنگەوە (بەریتانیاو فەرەنسا)دا بەشکراو خەونی تۆرانیزمی لەزەویەکی فراوانتریش لەدەوڵەتی عوسمانی لەگۆڕنا، بەڵام ئیتیحادیەکان گەورەترین هەوڵیاندا کەتەنها هیچ نەبێت ئەو هەرێمە جوگرافیەی کەدواتر پێی وترا تورکیا، ڕزگاری بکەن و سەرجەم و بەشێکی هەرە زۆری نێوچە فراوانەکانی پێشووی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیان لەدەست چوو، بۆیە دواتر بەدەرکەوتنی کەسایەتی و باوکی نەتەوەیی تورکەکان (مستەفا کەمال ئەتاتورك) توانی پاش چەندین سەرکێشی وموغامەرە تورکیا بپارێزێت ولێرە بەدواوە بزوتنەوەی تۆرانیزم و هەستی تورکچێتی پێی نایە قۆناغێکی ترەوە کەدەکرێ ناوی بنێین ( قۆناغی بزوتنەوەی کەمالیزمەکان)، کەزیاتر خۆی لەسیمای دەوڵەتێکی تورکی خۆرئاواییدا بینییەوەو بەهەموو شێوەیەکیش بەپێی پلەبەندی خۆی دارِنی لەهەموو سیما ئیسلامیەکان، کەماوەیەك بوو ئیتیحادیەکان وەك فاکتەرێکی یارمەتیدەر بۆ مەرامە سیاسییەکانیان بەکاریان هێنابوو [(80)] .

لێرەوە تێبینی دەکەین کە تۆرانیزم لەهەستێکەوە، چۆن گۆڕا بۆ فیکرو بزوتنەوەیەکی کاراو بوو بەو هێزە جوڵێنەرەی تورکەکان کەتوانیان لەدواتردا وەکو دەرفەتێك بیقۆزنەوە بۆ بونیاتنان و پێکەوەنانی دەسەڵات و وڵاتێك کەپێی دەوترێت (تورکیا)، ئەگەرچی چەندین کەسایەتی لەنەتەوەکانی تری وەك (کوردو جولەکەو چەرکەس و ئەلبانی...تاد) بەشدارییان لەڕێکخراوی ئیتیحادو تەرەقی و پێشتریش لەبیرو بزاڤی تۆرانیزمدا کرد، بەڵام بەداخەوە پاداشتەکەیان بەئاگرو ئاسن لەلایەن تورکە تۆرانیەکانەوە درایەوە.

لەجەنگی یەکەمی جیهانی بـەدواوە تـۆرانیزم گـۆڕا بـۆ کـەمالیزم و بەهاتنـە ئـارای (کـەمال ئـەتاتورك) ئـیتر تـۆرانیزم شـەقڵ و تایبەتمەنـدی و مـەغزای فراوانـی خـۆی لەخۆگرت، کەپێویستی بەخوێندنەوەو ڕاڤەکردنێکی دیکە هەیە.

# دەرئەنجام

پاش توێژینـەوە لـەم باسـە بـەگوێرەی بـەش و تـەوەرەکانی گەیـشتووین بەچـەند دەرئەنجامێك:

- ➢ ناوی تۆران زیاتر دەگونجێ ناوێکی جـوگرافی بێـت و بـۆ هـەموو ئـەو ناوچـانە بـەکارهاتووە لەمێـژووی سـەردەمە کۆنەکانـدا گـەلانی تـۆرانی و تەتەرنـشینەکانی گرتبێتەوەو تیایدا ژیابن،
- ➢ زاراوەی (تۆرانی)یش زیاتر وەکو نـاوی نەتـەوەو مـرۆڤ دەگەیـەنێت. مێـژووی سـەرهەڵدانی تـۆرانیزم ، سـەرەتا هەسـتی ناوچـەیی بـووە لەبەرامبـەر شـاڵاوەکانی ڕاگواستن و بەمەسیحی کردنی ڕوسـەکاندا ، سـەری هەڵـداوە و هەسـتێکی ئـەتنیکیش بووە ، وهۆکارەکانیش زۆرو جۆراوجۆر بوون بۆ سەرهەڵدانی تـۆرانیزم ، کـەدواتر ئـەم هۆکارانە کاریان کردۆتە سەر گۆڕانی تـۆرانیزم لەهەسـتێکی زیـاتر ئاینیـەوە بـۆ بـیری تۆرانیزم.
- ➢ دەشـێت پێناسـەی تـۆرانیزم ئـەو هەسـتە بگرێتـەوە کـەلای گـەلانی بەنـەژاد تـۆرانی دروسـت بـوو لەناوچـەکانی قـەفقاس و تەتەرنشینەکان و بەشـێکی تـری ئـەو

نەتەوانەی تـریش کـەخۆیان بـەتۆرانی دەزانـی و دواتـر بـوو بەداینـەمۆی هـەموو ئـەو کەسانەی تر کەلەبیری دامەزراندنی دەسەڵات و وڵاتێکی فراواندا بوون بەناوی تۆران.

- لەبەشی دووەمـدا زیـاتر دەربـارەی ئـەو کەسـانە قـسەکراوە کـە بەتیۆرسـینی فیکـری تـۆرانیزم دادەنـرێن و ئـەوانیش بـوون هەسـتی تۆرانیزمیـان , بەنوسـین و شیعرەکانیان خستە قاڵبی بیرو ئایدۆلۆجیای پانتۆرانیزمەوە , لەم نێوەندەشـدا جگـە لەتورکەکان خۆیان کەسانی جولەکە لەنموونـەی (مـوئیز کـۆهین)و کەسـانی کـوردیش لەنموونەی (محمـد ضیاء کـوك ئالـب) بەشـدارییان لـەتیۆریزەکردنی بـیری تۆرانیزمـدا کردووە. هاوکات بیری تۆرانیزم خۆی لەنێو چالاکی و جموجوڵە سیاسیەکانی هـەردوو کۆمەڵەو ڕێکخراوی (تورکـە لاوەکـان و کۆمەڵـەی ئیتیحـادو تـەرەقی )دا بینیوەتـەوەو ئەم ڕێکخراوانەش کاریگەری گـەورەیان لەسـەر گـۆڕانی دەسـەڵاتی سیاسـی هـەبووە، بەشـێوەیەك توانیـان بەفـشارە بەردەوامـەکانیان کۆتـایی بەدەسـەڵاتی سـوڵتان عەبدولحەمیـدی دووەم بهێـنن و کۆدێتـای سـاڵی (1908ز) بەرپابکـەن و دەسـەڵاتی ئاینی سوڵتانەکانیان کۆتایی پێ هێناوە سوڵتانێکی دەسکەلای خۆیـان , تـەنها وەکـو هێمایەك دانا.

بـەڵام دواجـار ئـەمانیش بـەهۆی جـەنگی یەکـەمی جیهـانی و دۆڕانـی عوسمانیـەکان ، تۆرانیزمـەکان نـەیانتوانی بگـەن بـەو ئامانجانـەی کەپێـشتر کاریـان بۆکردبـوو ، چـونکە عوسمانیـەکان لەجەنگـدا دۆڕان و بەشـی هـەرەزۆری زەوی‌و ئیمپراتۆریەتەکەشـیان لـەنێوان براوەکانی جەنگدا کە بەریتانیاو فەرەنساو تاڕادەیەکیش ڕوسیا (پێش شۆڕشـی ئۆکتۆبـەری 1917 و کشانەوەی لەجەنگ) دابەشکرا و تەنها زەویەکی بچوك بـەناوی (تورکیـا)ی ئـەمڕۆ لەسەر نەخشەی سیاسی جیهان مایەوە بۆیان، ئـەویش بەهـەوڵی ئیتیحادیـەکان نـا ، بـەڵکو بەهەوڵی کەمال ئەتاتورك و لایەنگرانی بزوتنەوەی کەمالیزم.

# پەراوێزەکانی بەشی دووەم

(37) **محەمەد** نورەدین: تورکیا لەسەردەمی گۆڕاندا، وەرگێرانی (ئازاد بەرزنجی)، **چاپی یەکەم** ، سلێمانی، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، 2000، لا(344،345).

(38) زارەڤاند: تۆرانچێتی، وەدەرکەوتن، ئایدۆلۆژیاو بەرنامە)، وەرگێڕانی لەفارسیەوە(ئەبوبەکر خۆشناو)، لا(12،13).

**(39) محەمەد حەرب: ئەو جولەکەیەی رابەری تۆرانیزم بوو، وەرگێڕانی (ژیوان گەلاڵی)، گۆڤاری (رابوون)،ژ(3)،ساڵی یەکەم، سلێمانی، 2000،لا(75).**

(40) سەلام ناوخۆش ئەبوبەکر: بزوتنەوەی دەستورخوازیی تورکیاو مەسەلەی کورد، گۆڤاری (سەنتەری برایەتی)، ژمارە(9)، لا049).

(41) زارەڤاند: تۆرانچێتی، وەدەرکەوتن، ئایدۆلۆژیاو بەرنامە)، وەرگێڕانی لەفارسیەوە(ئەبوبەکر خۆشناو)، لاپەڕەکانی(28،27،26).

(42) هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا(33-43).

(43) حەمید بۆز ئەرسەلان: سەبارەت بەتێزی تورك لەمێژوودا، وەرگێڕانی (سدیق سالح)، گۆڤاری (سەردەم)، ژ(5)، لا(138).

(44) نجاح عطا الطائي: **الفكر القومي إسلامياً وتاريخياً** , چاپی یەکەم , چاپخانەی سبهر ,طهران , 1986 , معاونية العلاقات الدولية في منظمة الأعلام الإسلامي، (29،30).

**(45)** سەلام ناوخۆش ئەبوبەکر: بزوتنەوەی دەستورخوازیی تورکیاو مەسەلەی کورد، گۆڤاری (سەنتەری برایەتی)، ژمارە(9)، **لا(47).**

**(46)** زارەڤاند: (تۆرانچێتی، وەدەرکەوتن، ئایدۆلۆژیاو بەرنامە)، وەرگێڕانی لەفارسیەوە(ئەبوبەکر خۆشناو)، لا(11).

**(47) محەمەد حەرب: ئەو جولەکەیەی رابەری تۆرانیزم بوو، وەرگێڕانی (ژیوان گەلاڵی)، گۆڤاری (رابوون)،ژ(3)،ساڵی یەکەم، سلێمانی، 2000،لا(75،76).**

(48) هەمان سەرچاوە، لا(76).

(49) د.محمد حرب : العثمانيون في التاريخ والحضارة، دار القلم، دمشق-سوريا، 1997، ص(122).

(50) د.على محمد محمد الصلابى: الدولة العثمانيةو عوامل النهوض والسقوط، ط3، دار العرفة، بيروت- لبنان، 2006، ص(491).

(51) هەمان سەرچاوە، لا(492).

(52) د.محمد حرب : العثمانيون في التاريخ والحضارة، دار القلم، دمشق- سوريا، 1997، ص(123).

(53) هەمان سەرچاوە.

(54) هەمان سەرچاوە.

(55) ) **محەمەد حەرب**: **ئەو جولەكەیەی رابەری تۆرانیزم بوو، وەرگێڕانی** (**ژیوان گەلالی**)، **گۆڤاری** (**رابوون**)،ژ(3)،**ساڵی یەکەم**، **سلێمانی**، 2000، لا(75).

(56) هەمان سەرچاوە.

(57) اورخان محمد على: السلطان عبدالحميد الثانى، حياتة، واحداث عهدة...، ص(60).

(58)هەمان سەرچاوە، لا(629،61.

(59) عباس خۆشناو: (ململانێی ئیسلامو عەلمانیەت لەتورکیا)، گۆڤاری سیاسەتی دەولی، ژمارە(3)ی ساڵی شەشەم، ئایی 1995، لا(181،180).

(60) **محەمەد نورەدین**: تورکیا لەسەردەمی گۆڕاندا، وەرگێڕانی (ئازاد بەرزنجی)، **چاپی یەکەم** ،سلێمانی، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، 2000، لا(345).

(61) کامەران ئەحمەد **محەمەد**(مەنتك): کوردستان لەنێوان ململانێی نێودەولەتیو نێوچەییدا....، لا(89).

(62) اورخان محمد على: السلطان عبدالحميد الثانى، حياتة، واحداث عهدة...، ص(63،64).

(63) نجاح عطا الطائي: الفكر القومي إسلامياً وتاريخياً، سەرچاوەی پێشوو، ص(31).

(64) د. أحمد نوري النعيمي : تركيا وحلف شمال الأطلـــسي ، چاپخانەی الوطنيـــة ، عمان – الاردن، ص(7).

(65) اورخان محمد على: السلطان عبدالحميد الثانى، حياتـــة، واحـــداث عهـــدة...، ص(7).

(66) سەلام ناوخۆش ئەبوبەكر: كوردستان چۆن داگیرکراو دابەشکرا؟ چاپی یەکەم ،دهۆك ،1998ز ،چاپەمەنیو ئۆفسێتی پەیڤ، لا(26،27) پرۆژەی (100) کتێبی کوردی ژمارە (33).

(67) هەمان سەرچاوە، لا(28).

(68) سەلام ناوخۆش ئەبوبەكر: بزوتنەوەی دەستورخوازیی تورکیاو مەسەلەی کورد، گۆڤاری (سەنتەری برایەتی)، ژمارە(9)، لا(45).

(69) هەمان سەرچاوە،(469).

(70) هیوا ئەمین: ناسیۆنالیستی تورك، گۆڤاری (سەنتەری برایەتی)، ژمارە(9)، لا(31).

(71) سەلام ناوخۆش ئەبوبەكر: كوردستان چۆن داگیرکراو دابەشکرا؟ سەرچاوەی پێشوو، لا(31،30).

(72) سەلام ناوخۆش ئەبوبەكر: بزوتنەوەی دەستورخوازیی تورکیاو مەسەلەی کورد، گۆڤاری (سەنتەری برایەتی)، ژمارە(9)، لا(46).

(73) هەمان سەرچاوە، لا(47).

(74) د. فەرهاد پیربالّ: ژەنەرالّ شەریف پاشا، گۆڤاری (رامان)، ژمارە(26)، لا(5).

(75) عەبدولعەزیز یامولکی: کوردستانو راپەڕینەکانی کورد، وەرگێڕانی لەتورکی عوسمانیەوە(شێرزاد کەریم)، ئامادەکردنی بۆ کوردی(سدیق سالّح)، لا(53)، هەروەها بڕوانە د. فەرهاد پیربالّ: ژەنەرالّ شەریف پاشان سەرچاوەی پێشوو، لا(5،6).

(76) زارەڤاند: (تۆرانچێتی، وەدەرکەوتن، ئایدۆلۆژیاو بەرنامە)، وەرگێڕانی لەفارسیەوە(ئەبوبەکر خۆشناو)، لا(30،31).

(77) حەمید بۆز ئەرسەلان: سەبارەت بەتێزی تورك لەمێژوودا , وەرگێڕانی سدیق سالّح , گۆڤاری سەردەم , ژمارە (5) , سالّی یەکەم , 1999 , تایبەت بەوەرگێڕان وکەلتوری بیانی , دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم.

(78 ) سەلام ناوخۆش ئەبوبەکر: بزوتنەوەی دەستورخوازیی تورکیاو مەسەلەی کورد، گۆڤاری (سەنتەری برایەتی)، ژمارە(9)، لا(50).

(79) هەمان سەرچاوە،(51،52).

(80) د.1حمد نوری النعیمی: ترکیا وحلف شمالی الاطلسیو چەند سەرچاوەیەکی تر.

## سەرچاوەکان


1)کامەران ئەحمەد محەمەد ئەمین (مەنتك) : کوردستان لەنێوان ململانێی نێودەوڵەتیو نێوچەییدا (1890-1920) ، چاپی یەکەم ، سلێمانی ، 2000ز ، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم.

2)زارەڤاند: تۆرانچێتی ، وەدەرکەوتن ، ئایدۆلۆژیاو بەرنامە ، وەرگێڕانی لەفارسیەوە ، (ئەبوبەکر خۆشناو) ، چاپی یەکەم ، هەولێر ، 1996ز.

3)محەمەد نورەددین: تورکیا لەسەردەمی گۆڕاندا ، وەرگێڕانی لەعەرەبیەوە (ئازاد بەرزنجی) ، چاپی یەکەم ، سلێمانی ، 2000ز ، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم.

4)سەلام ناوخۆش ئەبوبەکر: کوردستان چۆن داگیرکراو دابەشکرا؟ چاپی یەکەم ، دهۆك ، 1998ز ، چاپەمەنیو ئۆفسێتی پەیڤ ، پرۆژەی (100) کتێبی کوردی ژمارە (33).

5)نجاح عطا الطائي: الفكر القومي إسلامياً وتاريخياً ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی سبهر ، طهران ، 1986 ، معاونية العلاقات الدولية في منظمة الأعلام الإسلامي.

6)سەلام ناوخۆش ئەبوبەکر: بزوتنەوەی دەستورخوازی تورکیاو مەسەلەی کورد ، گۆڤاری سەنتەری برایەتی ، ژمارە (9) ، کانوونی یەکەمی 1998ز ، ساڵی دووەم ، دەزگای برایەتی.

7)حەمید بۆز ئەرسەلان: سەبارەت بەتێزی تورك لەمێژوودا ، وەرگێڕانی سدیق ساڵح ، گۆڤاری سەردەم ، ژمارە (5) ، ساڵی یەکەم ، 1999 ، تایبەت بەوەرگێڕان وکەلتوری بیانی ، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم.

8)د. محمد حرب: موئیز کوهین یهودي عثمانی من القادة الطورانیة ، گۆڤاری (العربي)ی چاپی کوەیتی ، ژمارە ( ) ، ساڵی.

9)ژیوان گەلاڵی: موئیز کۆهین ئەو جولەکەیەی کە رابەری تۆرانیزم بوو ، گۆڤاری رابوون ، ژمارە (3) ، ساڵی یەکەم ، سلێمانی ، 2000ز ، بەشی رۆژنامەگەریو بڵاوکردنەوە ، مەکتەبی راگەیاندنی بزوتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی.

10) أورخان محمد علي: السلطان عبدالحمید الثاني ، حیاته ، وأحداث عهده ، چاپی یەکەم ، 1987ز ، مکتبة دار الأنبار ، الرمادي ، العراق.

11) عباس خۆشناو: ململانێی ئیسلام وعیلمانیەت لەتورکیا ، گۆڤاری سیاسەتی دەولی ، ژمارە (3) ، ساڵی شەشەم ، ئابی 1995ز ، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان.

12) هیوا ئەمین: ناسیۆنالیستی تورك ، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی.

13) د. أحمد نوري النعیمي : ترکیا وحلف شمال الأطلسي ، چاپخانەی الوطنیة ، عمان – الاردن.

14) د. فەرهاد پیربالْ: ژەنەرالْ شەریف پاشا (1865–1945) کورتەی ژیان وچالاکیەکانی ، گۆڤاری رامان ، ژمارە (26) ، ئابی 1998ز ، دەزگای ڕۆشنبیری وڕاگەیاندنی گولان.

15) عەبدولعەزیز یامولْکی: کوردستان و ڕاپەرینەکانی کورد ، وەرگێڕانی لەتورکی عوسمانیەوە ، شێرزاد کریم ، ئامادەکردنی بۆ کوردی ، سدیق سالْح.

16) . عبدالوهاب الكيالى: الموسوعة السياسية، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت– لبنان،طبعة اذار (1974).

17) د. محمد حرب: العثمانيون في التأريخ والحضارة، دار القلم، بيروت، ط1، 1999.

18) ئینتەرنێت: سایتی گورگە بۆرەکان (bozkurt attaturk).

19) ئینتەرنێت: سایتی ویکیبیدیا، الموسوعة الحرة.

20) د.على محمد محمد الصلابى: الدولة العثمانيةو عوامل النهوض والسقوط، ط3، دار العرفة، بيروت– لبنان، 2006.

# لیستی سوڵتانه فەرمانڕەواکانی بنەماڵەی عوسمانیەکان

| | فەرمانڕەوا | ژیانەکەی | ماوەی فەرمانڕەواییکردنی |
|---|---|---|---|
| 1 | عوسمانی کوڕی ئورتغل | 1258-1324 | 1299-1326 |
| 2 | ئورخانی جەنگاوەر ( اورخان الغازي ) | ....-.... | 1326-1359 |
| 3 | موڕادی یەکەم | 1326-1389 | 1359-1389 |
| 4 | بایەزیدی یەکەم ( بایەزیدی هەورە بروسکە) | 1357-1403 | 1389-1402 |
| 5 | محەمەدی یەکەم ( گەورە) | 1387-1421 | 1402-1421 |
| 6 | موڕادی دووەم | 1402-1451 | 1421-1451 |
| 7 | محەمەدی فاتیحی دووەم | 1432-1481 | 1451-1481 |
| 8 | بایەزیدی دووەم | 1452-1512 | 1481-1512 |
| 9 | سەلیمی یەکەم | 1466-1520 | 1512-1520 |
| 10 | سلێمانی قانونی ( سلێمانی یەکەم ) | 1495-1566 | 1520-1566 |
| 11 | سەلیمی دووەم | 1524-1574 | 1566-1574 |
| 12 | موڕادی سێیەم | 1546-1595 | 1574-1595 |
| 13 | محەمەدی سێیەم | 1566-1603 | 1595-1603 |
| 14 | ئەحمەدی یەکەم | 1590-1617 | 1603-1617 |
| 15 | مستەفای یەکەم | 1591-1639 | 1617-1618 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 16 | عوسمانی دووەم | 1604-1622 | 1618-1622 |
| 15-2 | مستەفای یەکەم | 1591-1639 | 1622-1623 |
| 17 | موورادی چوارەم | 1609-1640 | 1623-1640 |
| 18 | ئیبراهیمی یەکەم | 1615-1648 | 1640-1648 |
| 19 | محەمەدی چوارەم | 1642-1693 | 1648-1687 |
| 20 | سلێمانی دووەم | 1642-1691 | 1687-1691 |
| 21 | ئەحمەدی دووەم | 1643-1695 | 1691-1695 |
| 22 | مستەفای دووەم | 1664-1703 | 1695-1703 |
| 23 | ئەحمەدی سێیەم | 1673-1736 | 1703-1730 |
| 24 | مەحمدودی یەکەم | 1696-1754 | 1730-1754 |
| 25 | عوسمانی سێیەم | 1696-1757 | 1754-1757 |
| 26 | مستەفای سێیەم | 1717-1774 | 1757-1774 |
| 27 | عەبدولحەمیدی یەکەم | 1725-1789 | 1774-1789 |
| 28 | سسەلیمی سێیەم | 1761-1808 | 1789-1807 |
| 29 | مستەفای چوارەم | 1779-1808 | 1807-1808 |
| 30 | مەحمودی دووەم | 1785-1839 | 1808-1839 |
| 31 | عەبدولمەجیدی یەکەم | 1823-1861 | 1839-1861 |
| 32 | عەبدولعەزیزی یەکەم | 1830-1876 | 1861-1876 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 33 | موراد‌ی پێنجەم | 1840-1904 | 1876-1876 |
| 34 | عەبدولحەمیدی دووەم | 1842-1918 | 1876-1909 |
| 35 | محەمەدی پێنجەم | 1844-1918 | 1909-1918 |
| 36 | محەمەدی شەشەم | 1861-1926 | 1918-1922 |
| 37 | عەبدولمەجیدی دووەم | 1868-1944 | 1922-1924 |

**تێبینی**

خوێنەری بەڕێز ئەم خشتەیە کەمێژووی لەدایکبوون و ماوەی فەرمانڕەواییکردنی سوڵتانەکانی عوسمانی دەخاتەڕوو، هەرچەندە بەتەواوی پەیوەست نیە بەبابەتی کتێبەکەوە، بەڵام لەبەرئەوەی تۆرانیزم و مێژووی پێکهاتن و پەرەسەندنی پەیوەستە بەژیان و سەردەمی هەندێك لەسوڵتانەکانەوەو هەروەها بۆزیاتر شارەزایی و بەرچاو روونی ئێوەی بەڕێز تەواوی خشتەکەم لێرەدا بڵاوکردۆتەوە ئەگەرنا، بەرهەمێکی ترمان کەکتێبێکە بەناوی ( عوسمانیەکان، لەعوسمانی کوڕی ئورتغلەوە تاسوڵتان عەبدولمەجیدی دووەم ) تایبەتە بەسوڵتانە فەرمانڕەواکانی عوسمانی بەوێنە و ژیاننامە و سەردەمەکانیانەوە، وەك کارێکی وەرگێڕان بڵاومان کردۆتەوە، بۆزانیاری زیاتر لەوبارەوە دەتوانن بیخوێننەوە.


# هەندێك لەتیۆرسینەكانی بیری تۆرانیزم



یوسف ئاكچۆرا



موئیز كوهین



خالیدە ئەدیب




زیا كوك ئالب



د. عەبدوڵڵا جەودەت



ونستون چەرچڵ
لەیاداشتەکانیدا باسی رابەرانی
تۆرانیزمی کردووە



تیۆدۆر هرتزل
دامەزرێنەری زایۆنیزم



عومەر پاشا



مستەفا فازل



**عەلی پاشا**



**عەبدولحەمید زیا پاشا**



**سوڵتان عەبدولمەجیدی یەکەم**
**جێبەجێکەری ریفۆرم لەسەر رەوتی خۆرئاوایی**



**سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم**
**دوژمنی سەرسەختی سەرکردەکانی تۆرانیزم**



**سوڵتان عەبدولعەزیزی یەکەم**



**سوڵتان محەمەدی پێنجەم**
**سوڵتانی گوێڕایەڵی ئیتیحادیەکان**



سوڵتان محەمەدی شەشەم
سوڵتانی ڕەمزی عوسمانیەکان



سوڵتان عەبدولمەجیدی دووەم
دوایین سوڵتانی بنەماڵەی عوسمانی



کامەران بەدرخان




مستەفا کەمال ئەتاتورك – باوکی ڕۆحی تورك






گورگە بۆرەکان هێمای نەژاد پەرستانی تورک ( تۆرانیزم )






دیمەنەکانی جینۆسایدو کوشتاری ئەرمەنەکان

هەندێك لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی



مەدحەت پاشا



**ئەحمەد جەمال پاشا**



**مەدحەت پاشا**

**یەکێك لەو کەسانەی داوای چاکسازی دەکرد**



**جەنگیز خان**

**جێی شانازی بیری تۆرانیزم**




**ژەنەراڵ شەریف پاشا**

**نوێنەری کورد لەکۆنگرەی ئاشتی پاریس( 1919ز)**



پەرلەمانی دەوڵەتی عوسمانی



دروشم و هێمای عوسمانییەکان

## بەرهەمە بڵاوکراوەکانی نوسەر:

* بزوتنەوەی شعوبیەت لەمێژووی ئیسلامدا، لێکۆڵینەوەی مێژوویی، لـەبڵاوکراوەکانی خانەی گشتی چاپو بڵاوکردنەوە، وەزارەتی رۆشنبیریی، سلێمانی، 2004ز.

* عوسمانیەکان، لەعوسمانی کوڕی ئورتغرولەوە تا سوڵتان عەبدولمەجیـدی دووەم، وێنـەو بـارودۆخی سـەردەمەکانیان، وەرگێـڕان، 2007ز، لـەبڵاوکراوەکانی چـاپو پەخشی رێنما.

* مێژووی پێکهاتنو پەرەسەندنی بیری تۆرانیزم، لێکۆڵینەوەی مێژوویی، لەبڵاوکراوەکانی پرۆژەی زنجیرە کتێبی (کۆچ)، بەشی رووناکبیریی سەنتەری رووناکبیریی ئێلبەگی جاف، سلێمانی، 2007ز.

## بەم نزیکانە:

* موقـەدەسو کولتـور، ئیـشکالیەتی بەریەککـەوتنی نێـوان ئیـسلامو خۆرئـاوا، توێژینەوە.

* دەربارەی زانستی مێژوو، فەلسەفەی مێژوو، کۆمەڵە وتار.

## ئەو بەرهەمانەی ئامادەن بۆچاپ

* تیۆری دەسەڵاتخوازی ئیسلامیو بەرهەمهێنانی توندوتیژی ئاینی، توێژینەوە.

* گوتاری ئیسسلامی کوردیو ئیشکالیەتی ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی، توێژینەوە.

* سیستەمی پەروەردەیی لەدەوڵەتانی ئەسکەندەناڤیا، وەرگێڕان.

* دەربارەی رۆژهەڵاتناسی(ئۆرێنتالیزم)، کۆمەڵە وتار.